**ئارتۆر ڕامبۆ**

# نامەکانی ڕوانینوانێک و مەرگ




وەرگێڕانی: هەندرێن

٢٠٠٦

**پێشکەشە**:

- بە"س" و "ِس"، بە یادی بیرەوەرییە بەوهیمییەکانی شاخ و پیاسەکانی گۆڕستانەکەی (دۆڵی دەراو و لۆلان).

- بەوانەی هەتا ئێستاش خۆشمدەوێن!

**ناوی کتێب**: نامەکانی روانینوان و نامەکانی مەرگ

**نووسەر**: ئارتۆر رامبۆ

**وەرگێڕانی**: هەندرێن

**نەخشەسازی بەرگ و مۆنتاژ**: باران

**چاپی یەکەم**: ١٩٩٨

**چاپخانە**: هەرزان، سوێد/ستۆکهۆلم

**چاپی دووەم**: ٢٠٠٦، هەولێر/کوردستان

**چاپخانە**:

**تیراژ**:

**سەرنجێکی پێویست:**

ئەوەی کە هانیدام ئەم کارە بکەم، دانان و پیشاندانی نووسینێکی تازە نییە لەسەر رامبۆ، بەڵکو هەڵبژاردنی جۆرە میتۆدێکە بۆ خوێندنەوە و ناسینی خودی رامبۆو شۆڕبوونەوە بە ناو ئەزموونە شیعرییەکەی، بۆئەوەی کەمێک لە نزیکەوە، نەک لە دوورەوە، هەروەک وا راهێنراین، بتوانم لە بەرهەمێک تێبگەم کە لەسەر زارانە، بەڵام هەتا کاتی وەرگێڕانی ئەو نامانە، لە سەرەتای نەوەدەکان، دەقێکی تەواوی ئەو شاعیرە بە زمانی کوردی نەبوو.

نامەکانی *روانینوانێک* لەگەڵ عەبدوڵڵا پێکەوە وەرمانگێڕاوە. هەروا دەبێ ئەوە بڵێم نامەکانی مەرگ لە ساڵی 1991 وە ئامادەم کردوون.

**هەندرێن**

کەفێئارت/1996-2006

ستۆکهۆڵم- سوێد

[handren_u@yahoo.se](mailto:handren_u@yahoo.se)

## ژیاننامەو سەرگەردانییەکانی رامبۆ

کۆچکردن، چارەنووسی خانەوادەی رامبۆیە، هەمیشەش لانەوازی و دوورکەوتن لە ماڵی مێرد، یا خانەوادەیی بەخۆوە دەگرێ، ئەمەش فریزئاسا هەر لە (1792) ڕا کوڕ لە باوک و باپیرە لە پسمام و رەچەڵەکەوە رەچەی کێشاوە.

لە 27ی حوزەیرانی 1810 دا دیدییە رامبۆی بەرگدرووی باپیرەی شاعیر، ژنخوازی دەکاو هەر بەو بۆنەیەوە شۆرەت دەچەسپێنێ. باوکی جان فرانسوا رامبۆ لە ئاکامی دەمەقاڵێی خێزانیدا هەژدە ساڵان خۆی سوورگوم دەکا*.

فریدریک رامبۆ "زادەی ساڵی 1814"یە و کوڕی دیدییە رامبۆیە، باوکی شاعیر کە لە 8ی شوباتی 1853 دا ماری – کاترین – فینالی کوینی "لەدایک بووی 1825"ی هێنا، ئەویش لە دەورانی 1860دا لە دووری خاوخێزان تلایەوە، لە ژنەکەی پێنج زارۆڵەی بوو – لە 2ی تشرینی یەکەمی 1853 فریدریک بوو، جان نیکۆلا – ئارتۆر – رامبۆی شاعیر 20ی تشرینی یەکەمی 1854 دنیا ئەوی دیت، کچێکیش کە لە 1857 دا بوو تەنیا سێ مانگان ژیا، 15ی حوزەیرانی 1858 فینالی بوو، ئیزابێلیش لە هەوەلین رۆژی حوزەیرانی 1860 دا چاوی بە دنیا هەڵێنا.

فریدریک رامبۆی باوکی شاعیر بەر لەوەی ساڵی 186 بەیەکجارەکی سەربنێتەوە چەندان ساڵ لە دوورە خێزانیدا ژیا، لە 10ی حوزەیرانی 1842 لە هێرشێکی سەربازی بۆ سەر جەزایر بەشداری کرد، هەروا

لە 4ی ئازاری 1855 وە هەتا 28ی ئازاری 1856 بە پلەی نەقیب لە هەڵمەتی سەربازی کردنی سەر قرم دا پشکداری کرد، تا لە ئابی 1864دا کارکەنار کرا خاوەنی ئەم پلە عەسکەرییە بوو.

لەوێ لە خێزانی رامبۆ، باوک بزر و بێ سۆراغە! کورەکەش لە خێزانی رامبۆ نیگەرانە و لە دوای باوکی دەگەڕێ!

هێشتا چکۆڵە بوو، بە رۆحێکی پاک و حاڵگرتوو دەینووسی، دە ساڵان لە تەمەنیدا تێپەڕیبوو لە شەوچەرە درێژو گۆشە نادیارو چۆلەکان، لە ناوەڕاستی بیابان و نێوان کێوەکان و نزیکە رووباران بە خوێندنەوەی هۆزانە گیان جووڵێن و حەپاسانکارەکانی سەرنج کێشی دەکردین. هەر پاش ئەوەی ئەم شیعرە بەپێز و رەپاسانەی بۆ دەخوێندینەوە بە گێچەڵ و لاسار مەبەست دەیدڕاندن "ئیزابیل رامبۆ دەڵێ". سەفەر هەر لە منداڵییەوە ئەنگاوتبووی، لە حەوت ساڵیدا ماخولیا و هزرە پڕشنگدارەکانی بۆ دوور، دەفڕی، هەر لەو کاتەی شەقامەکانی ئەم شارە ئەندازییە راکێشران، کانگەی باو سەرما و هەنگاوە ناحەجوولەکانی بوو، لە شەقامی شارلڤیل دا بە تەرزە رۆیشتنێکی ئامێریانە و بێ ئاوڕدانەوە بۆ راست و چەپ و روو لە ئاسمان و خورت، بە دوو چاوی زەقی بەرەواژیکراو راستەو راست دەڕۆیشت. "ئەرنست دیلاهای برادەری دەڵێ".

نێوان ماڵ و مۆزەخانەکەی رامبۆ، تەنیا بیست مەتر دەبوو، لەگەڵ دیلاهای برادەری رۆژانە کە بۆ ***ئامۆژگای شارەوانی*** دەچوونە خوێندن بەو مۆزەیە رادەبووران. "لەم مێشکەدا شتێکی ئاسایی دەرناچێ – چ لە خێر بێ یا لە شەڕ بلیمەتێکی لێ دەردەچێ. ساڵی 1865

سەرنجدەرەکە بەو داناییەوە لە خۆڕا نەبوو کە گوتی – "رامبۆ چ لە خێربێ، یا لە شەڕ، یاخود لە هەردوکیاندا بلیمەت دەبێ".

رامبۆ لە سالآنی بەرایی خوێندنی لە دەسگای رووسیا و لە ئامۆژگای شار کە دەکەوێتە ناوچەی لاردین، لە باکوری رۆژهەلآتی فەڕەنسا، هەمیشە خەلآتی قوتابخانەی وەردەگرت و سالّی 1869 یش لە *تاقیکردنەوەی گشتی ئەکادیمیدا* بە یەکەم دەرچوو. لە سالّی 1875 شیعرەکانی *دیارییە تایبەتییەکانی سەری سالّی تازە بۆ هەتیوان*، کانوونی دووەمی ئەم سالّە *سێ ماچ* لە 3ی ئابیش هەستەکانی بلآوکردەوە.

لەو نامەی کە لە 24ی ئابی هەمان سالّ ئەو شیعرەی تیا نووسراوە، با ئەوەندەی لێ بخوێنینەوە:

**" لە شەوچەرە شینەکانی هاویندا،**

**رێگاکان دەگرمەبەر,**

**گولّەگەنم پێیەکانم ختۆکە دەدا**

**دلّم بە گیایە ناسکەکان خەنیە**

**بە خەیالّ هەست بە خۆشی ژێر پێکانم دەکەم**

**سەری عاسێ و رووتم لە با هەلّدەسووم.**

**ناپەیڤم و بیر لە هیچ ناکەمەوە**

**بەڵام ئەڤینی ئەبەدی لە رۆحمدا هەڵدەچێ**

**دوور دەڕۆم، گەلێ دوورتر، وەک بەوهیم**

**وێکڕا لەگەڵ سروشتدا ئاسودەم**

**هەر دەڵێی لەگەڵ ئافرەتدام"**

وێڕای شیعر سەفەریشی ناسی، هەمان ساڵ بەرلەوەی سەفەر ببێتە سەرکێشییە گەورەکەی ژیانی، شێوەی دوورکەوتنەوە وەردەگرێ، لە خێزانی هەڵدێ. لە 29ی ئابی 1870دا هەوەڵ جار رادەکا و زیندان دەکرێ و لە 7ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ، بۆ دووەمین جار هەڵدێ و دەچێتە برۆکسل. لەو رۆژە بە دواوە لە کۆچ و سەرگەردانیدا قاچەکانی نەحەسایەوە! لە دووەمین هەڵاتنیدا داوا لە دایکی دەکا بۆئەوەی بگەڕێتەوە ماڵەوە بچێ دەسەوداوێنی پۆلیس بێ، رامبۆ لەمەڕ ئەم بەسەرهاتە ئێژێ – "**من لە ئەنجامی پووچی ئەو کارە رووپۆشتانە خەریکە دەمرم و ئێسکەکانم لەباریەک دەچن.**" لە جاری سێیەمیندا بۆئەوەی بتوانێ بگاتەوە پاریس و ژیان بگوزەرێنێ سەعاتەکەی دەفرۆشێ و تەنیا و سەرگەردان و بێ پوول هەڵدێ، لە زبڵدانەکان بە دوای پاشماوەی خواردن دەگەڕێ و لە بن پردەکان دەخەوێ، بەوهیم ئاسا دوور دەڕوا، زۆر دوور. هەتا گێژیەتی، پیاڵەی ئازادی دەنۆشێ، بەرەو شارلڤیل، بۆ وەڕەسی و توڕەیی دەزڤڕێتەوە. لە کۆچدا پشووی نەدا، ئەوەتا لەو نامەیەی کە لە 3ی تشرینی دووەمی 1870 دا

نووسیویەتی دەڵێ – "**بە چەشنێکی لە رادەبەدەر لەسەر عەشقی ئازادییەکی ئازاد سوور دەبم.**" هەروا لە سەعات پێنجی ئێوارەی تشرینی یەکەمی 1870دا لە شیعرێکیدا کە لە ناو مەیخانەی سەوزدا نووسیویەتی دەبێژێ:-

**"ئەوە هەشت رۆژە**

**لەسەر چەوی رێگاکان**

**پێڵاوەکانم دڕاندوە.**

**بەرەو "شارلروا" دەگەڕامەوە**

**لە مەیخانەی سەوزدا**

**مگێزی نەرمە گۆشتی نڤیشک لەسەرم دەکرد.**

**"جامپۆنا" مەیلەو سارد بوو**

**گەلێ شاد، قاچەکانم لەژێر مێز رادەکێشا."**

هەروا لە شیعری بەوهیم ی دا کە هەر ساڵی گۆڕین نووسیویەتی، دەڵێ:-

"دەڕۆیشتم و دەستەکانم

لە ناو گیرفانە دڕاوەکانم بوون

ئاگام لە چاکاتە شڕەکەم نەبوو

تاکە شەرواڵەکەشم تیکێکی زلی تێکەوتبوو

لە گەرمەی سوڕانەوەکانمدا

لە سەرواکان دەردەپەڕیم."

شارلڤیل مەلوولی دەکا و باق و بریقی پاریسیش تەنگی پێهەڵدەچنێ. لە مانگی نیسانی 1871 دا بۆ چوارەمین کەڕەت بۆ بەشداری کردن لە تیپێکی پاراستنی نیزامی ***ئۆردوی پاریسی*** بەناوبانگ دەگەڕێتەوە، ئۆردیش لەو دواکەوتنەوەی ئەودا بەڵگەیەکی لەبەردەست و دڵنیایان نەبوو هەتا سزای بدەن. ئیدی لەمە بەدواوە، کاری گەیشتە ئەو رادەیە ئۆردی لەمەڕ رامبۆی ***گومڕا*** لیستەیەک تەرخان بکات. کەچی ئەو هەستا و بەدیار چاوی خەڵکەکەوە کە لەو لاسارییەی ئەو واقیان وڕمابوو لەسەر دیوارەکانی شارلڤیل دەنووسێ: ***گەل بەخۆکەوتووە، گومان چەکە***. لەو ماوەیەدا چەند شیعرێکی نووسیوە کە دیارە مەرامی ئاشکرایە کە پشتگیری پاڵەوانەکانی ئەم ئۆردیە دەکات.

شیعرەکانی ئەمانەن: ***سروودی جەنگ بۆ پاریس***، ***دەستەکانی جان – ماری***، ***پاریس جارێکی دی هەڵدەچێ***.

دوای ئەوەی واز لە شیعر و سەفەر دێنێ، لە شارلڤیل خەڵوەت نشین و لاتەریک دەبێ لە گەڕەکە لاتینەکانی پاریسدا بەوهیمیانە دەژێ. ئەوین و رەقیبکاری لەگەڵ پۆل ڤێرلین کە لە دایک بووی 1844ـە هەڵدەگیرسێنێ: ڤێرلین لە ئەیلوولی 1871 داوای هاتنی رامبۆ بۆ پاریس دەکا، دەنووسێ "***وەرە ئەی مەزنەکەم، ئێمە چاوەڕوانتین***" رامبۆ دەو زەمانەدا چەند نامەیەکی بەناوبانگی لە نامەکانی "روانینوانێک" نووسی، هەروا ئەم شیعرانەشی بەناوی شاعیرانی ***تەمەن حەوت ساڵی***، ***گەمییە مەستەکە***، ***چی بە شاعیر دەوترێ لەمەڕ گوڵەکانەوە*** و ***پیتە دەنگدارەکان*** ی داهێنا.

با کۆپلەیەک لە شیعری ***شاعیرانی تەمەن حەوت ساڵی*** سەحی بکەین، کە رۆشنایی دەخاتە سەر ژیانی رامبۆ لە نێوان ساڵانی 1860 و 1862 ئەو کاتەی کە خانەوادەکەی لە شەقامی بۆربۆن دەژیان، کە یەکێکە لە شەقامە هەژار نشینەکانی شارلڤیل.

**"بە درێژایی رۆژ ئارەقەی سکاڵای دەتکاند ...**

**لە تەمەنی حەوت ساڵیدا,**

**رۆمانی لەسەر ژیان دەهۆنییەوە...**

**لە بیابانە گەورەکاندا,**

**ئازادی زەوتکراو دەتروسکێتەوە.**

**لێڕەکانی هەتاو، کەنارو پێدەشتەکان!**

**لە رۆژنامە وێنەدارەکان دەناورانەوە**

شارلڤیل تەنگەبەر نەبوو تا شوێنی قاچە بزۆکەکان و سەرنجە تیژەکانی تیادا نەبێتەوە. لە شارەکەی دەردەپەڕێ و بیری لە گەڕانەوەی نەکردەوە، هەمیشە لە هەڵاتندا بوو خەونی بە دنیایەکی دیکەوە دەبینی، سەوداسەری و پەرۆشییەکانی لە شیعرەکانیدا دەستەبەر دەکرد.

پاش چەند مانگێک لە فەرەنسا نێشتەجێ بوونی، جارێکی دیکەش بۆ ناوچەی لاردین دەزڤڕێتەوە. لە میانەی 10ی ئەیلولی 1871 و بەرایی ئازاری 1872 دا، ڤێرلین سەری گەرم دەبێ و ژنەکەی خۆی دەخنکێنێ دەوێدا رامبۆ شیعرەکانی ***جۆگەڵەی کەناڵ***، *کۆمیدیای تینویەتی* و ***جەژنەکانی سێبووری*** دەنووسێ. لە مانگی ئازاردا بۆ پاریس دێتەوە و لە 7ی تەمموزی هەمان ساڵ ڤێرلین لەگەڵ خۆی بۆ بەلجیکا و ئینگلتەرە رادەپێچێ، تا کانوونی یەکەمی روو لە شارلڤیل ناکاتەوە.

جاری دووەم لە کانوونی دووەمی 1873 و جاری سێیەمین لە مانگی ئایاری هەمان ساڵ بە خۆی و ڤێرلین بۆ لەندەن تێهەڵدەچنەوە. هەردەم لەگەڵ ڤێرلین وێکڕابوون، دیوانی ***وەرزێک لە دۆزەخ*** سەرگوزەشتەی ئەو دوو سەفەرەی تێدا رەنگپێ دەداتەوە. نەهامەتی و دوژمنایەتی، گوللەو خوێن، دەنێوان هەردوو شاعیر دەقەومێ، لە 3ی تەمووزدا ڤێرلین بۆ برۆکسل دەقوچێنێ، لە 4ی تەمووزیش رامبۆ نامەی لە دوا دەنێرێ و دەڵێ: "**ئەی هاوەڵە ئازیزو تاقانەکەم**

**بگەڕێیەوە، بگەڕێیەوە**"، لە 10ی تەمووز لە برۆکسل ڤێرلین بە دەمانچەکەی دوو گوللە بە رامبۆوە دەنێ، دەستی چەپی زامدار دەکا.

ڤێرلین زیندان دەکرێ، رامبۆ دەچێتە خەستەخانە و لەوێ بە یەک مانگ ***وەرزێک لە دۆزەخ*** خەتم دەکا، بۆ چاپکردنیش رەوانەی برۆکسڵ دەکا، بەڵام هەر تەنیا چەند دانەیەکی لە دیوانەکەی یەکەم و دوا دیوانەکەی کە بۆ چاپی ناردبوو بەدەستی دەگەن. ئەوەندەشی پێ بەس بوو تا بۆ هەندێک برادەری نزیکی خۆی بنێرێ. بە ***جۆرە پشت گوێ خستنێک*** رەوانەی کردن، هەروەک یەکێک لەو برادەرانەی کە دیوانەکەی بەدەست گەیشتبوو لەمەڕ ئەو گرنگ پێ نەدان و بەلانانەی دووپاتەی کردۆتەوە.

لە 25ی ئازاری 1874 دا دیسان بۆ لەندەن گەڕایەوە، بە خواستی ئەوەی بلیتی کۆڕێکی شیعری لە مۆزەخانەی بەریتانیایی دەسکەوێ و چەند پارچە شیعری ***رۆژهەڵاتنامە***_***ILLUMINATIOM*** بخوێنێتەوە و چاپی بکاتەوە. لە چەند مانگێکدا لە سەرەتای 14ی شوباتی 1875 لە شتۆتگارد زمانی ئەڵمانی و پاشان زمانی ئینگلیزی فێربوو. لە کۆتایی نیسانیشدا هەر لە شتۆتگارد و سویسرا و چیاکانی ئەلپ قەدبڕ دەکا و بۆ میلانۆی ئیتالیا کۆچ دەکا.

ئاخۆ بابایەکی تەرزی رامبۆی سەرڕێکراو، بێجگە لە سەرلەبەردان چی بۆ بکرێت؟ ئەوە بوو یەکەمین نەخۆشی و، یەکەمین بەرەنگاربوونەوە کە لە هات و نەهاتی سەفەردا لەگەڵ جەستەی خۆی کردی.

ناتوانیٚ بۆ سەر کەناڵی باشووری ئیتاڵیا سەفەر بکا، کۆنسلٚی فەرەنسایی لەسەر حیسابی خۆی بۆ مارسیٚی دەنیٚرنەوە. زستانی شارلڤیل سارد و مژوتەم باڵای درەختەکانی سەر قەراغ میزای تەنیوەتەوە، رامبۆ لە گۆشە نشینی خۆیدا خپ دەبیٚ و یەک لە دوای یەک زمانەکان فیٚر دەبیٚ. دەو زستانەدا رامبۆ فیٚرە زمانی عارەبی دەبیٚ؟

لە 1876 و 1877 دا ویٚجا دەرک بە خەم و شەکەتی سەفەرەکانی دەکا. لە نیسانی 1876 دا لە ڤیٚنا دەیرفیٚنن و لە نەمساش شار بەدەری دەکەن. لە 19ی ئایاردا دەچیٚتە ریزی سوپای هۆڵەندا و لە 15ی ئابدا سەربازی تەواو دەکا. دیسان لە 1877دا هەولٚدەدا لە شاری بریم لە ریزی دەریاوانی ئەمریکایدا خۆی قەید دەکا. لە حوزەیراندا وەک دەریاوان لە کۆبنهاگن و ئەمجار لە سیٚرک وەک کریٚکار بە رەسمی ناوی دەنووسیٚ.

دوای سەرەخوولەی ئەملاو ئەولا، لە نەرویجی دووره باکووردا بەدوای ئەوە رەوتی سەفەرەکانی لە مارسیٚی رۆما سەنگرایەوە، ویٚجا بەرەو شارلڤیل بایداوە.

لە 1879 وە تا 1891 دا دەگاتە ئەسکەندەریە، لەویٚوە رامبۆ کۆچی بەرین و تولانی دەستپیٚدەکا، ئەمجارە لە قوبرس، عەدەن، هەرەر، جیبۆتیدا لەنگەر دەگریٚ.

* رەنگە ئەم باوکە، شوون بزە ***خودی هاووڵاتی*** رامبۆی گۆرین بێ کە ***ئەنجوومەنی گشتی ئۆردی دیجۆن*** لە لیستەی هەڵاتووواندا کە لە 14ی ترمیدۆر بە گوێرەی رۆژمێری کۆماری دەکاتە مانگی پانزەمینی ساڵی سێهەم بە هەمان ناو پاراستوویانە.

# نامەکانی ڕوانینوانێک



**تێبینی!**

شاعیری ناوداری سوێد، گۆنار ئێکلۆف، لە یەکێک لە کۆشیعرەکانیدا بەناوی، "Dedikation" دا کە لە 1934 چاپیکردووە، ئەو وتەیەی رامبۆی کرد بووە دەستپێک: "*Jag säger: man måste vara siare, man måste göra sig till siare*

واتا: *من دەڵێم مرۆ دەبێ **روانینوان** بێت، مرۆ دەبێ خۆی بکا بە **روانینوان**.* بەڵام یۆران پالم، کە شاعیرێکی هاودەمی ئێکلۆفە، لە گۆڤاری *Ord & Bild* ، لاپەڕە: 93، ساڵی 1963 دا لە لەمەڕ وشەی *Voyant_seende* دەڵێ، ئەو وشەیە دەربڕینە فەرەنسییەکەی بەمجۆرەیە: *Je dis quìl faut ètre voyant, de faire voyant*. واتا: "روانینوان بوون، خۆکردنە بە روانینوان." هەر بۆیە هەموو نامەکانی رامبۆ بە "روانینوان" ناو دەبردرێ. ("روانینوان" بە واتای فەرەنسییەکەی، وشەیەکی باڵدارە بە دەگمەن بەرزەفت دەکرێ). رامبۆ لە واتای "روانینوان" دا تەنیا مەبەستی پێغەمبەر یان سۆفییەکی راماو نەبووە؛ بێگومان مەبەستی "روانینوان"ش بووە، کە هەموو کەس بە هاسانی دەبینێ. رەنگە بەر لە هەموو شتێک مەبەستی هەر "روانینوان" بێت: شاعیر بوون مانای ئەوەیە کە بتوانی هەموو شتێک بە بینراو بکەی. بۆیە من لێرەدا لە سەرتاپای ئەو کتێبەدا ، بۆ وشەی *Voyant*ی فەرەنسیی و وشەی *Seende ی سوێدی*، *روانینوان* بەکار دەهێنم، کە لە کوردیدا مانای ئەوەیە کە شاعیرێک، یان هەر کەسێکی دیکە، خاوەن توانستی روانینێکە یان توانی بینینی هەیە.

**هەندرێن**

**بۆ جۆرج ئیزامبار** Georges Izambard

شارلڤیل (13)ی مای 1871

هاورێی ئازیز،

کەواتە تۆ دووبارەبوویتەوە بە مامۆستا. مرۆ لە بەرانبەر کۆمەڵ بەرپرسیارە، تۆ وات پێوتووم، جەنابتان سەر بە کۆمەڵەی زانیاری پەروەردەکردنن، کەواتە گەیشتوون بە جێگای راستەقینەی خۆتان. منیش لەسەر هێڵێک دەرۆم: من تەواو بێ ئاگایانە رێگە بە خۆم دەدەم رابوێرم، سەلکە کەللەرمی کۆن لە باخچەی قوتابخانەدا هەڵدەکێشم، دەست بڵاوییان لێ دەکەم و لە هەموو شتێکی خراپ کە بەسەرمدا بێت درێغی ناکەم، بێ ئەدەبی سێکسی و خراپەکاری بە قسە و کردەوە دەیکەم و پاداشتەکەشی بیرە و نیوە بوتڵی شەرابە. " Stat mater dolorosa، dum pendet filius." **"دایکی میرنیشینی هەموو ژانەکان، داکی هەموو ژانەکان وەک دایکی عیسا، کە بە دیار کورە لە خاچدراوەکەی تازیەدار و کۆستکەوتوو وەستابوو"**. منیش بەرامبەر بە کۆمەڵ قەرز بارم، ئەمە هەم راستە و هەمیش بێ بایەخە- منیش زۆر بە ژیری کاردەکەم. ئێوەش بەراستی کاردەکەن، هەرچۆنێ بێ بۆ ساتێک، لە بنەما و قوڵی رادەربڕینتانا هیچ شتێک بێجگە لە شیعری خۆیەکیی subjektiv زیاتر نابینن، ئەمەش کەللە رەقی گەرانەوەتان بۆ ژێر قاپی هەریسەی مامۆستایی دەسەڵمێنێ – بمبورە، بەڵام هێشتاش کۆتاییتان بە لەخۆباییەکی زۆر بێمانای بژی و مەمرە پێ دێت، هەروەک هیچ شتێ جێبەجێنەکرابێ و هیچ شتێک نەیەوێت جێبەجێ بکرێت. ئەگەر بێت و باس لەمەڕ شیعری خۆیەکیی

subjektiv تۆ ئەکەین واتە تەنیا قسەی بێمانا و هیچوپوچ دەمێنێتەوە. هیوادارم – زۆر کەسی کە لەگەڵما – کە رۆژێ شیعر بابەتەکیی Objektiv لە رادەربڕینتا بەدی بکەین. کەواتە من جدیتر لە تۆ بەشدار دەبم، دەبێ ببم بە کاریگەرێکی گەورە: ئەو بیرکردنەوەیەشە کە دەمهێڵێتەوە لە کاتێکا کە تورەیی شێتانەم دەیەوێ راپێچم بکات بۆ ئەو شەرەی لەسەر پاریس، لە کاتێکدا من ئەم شتەت بۆ دەنووسم لەوێ هێشتا گەلێک کارگەر دەمرن. باشە کارکردن ئێستا، نەخێر هەرگیز لە ژیانا: من دەستم بە مان گرتن کردووە.

لەم چاوترووکانەدا هەر چەندێ لە توانامدا هەیە وادەکەم کە بێزم لێ بکرێتەوە. بۆچی؟ دەمەوێت ببم بە شاعیر، کاریش بۆ ئەوە دەکەم کە بێزەوەتربم: جەنابتان بەهیچ جۆرێ تێناگەن، من زۆر کەم لەو باوەڕەم کە من بتوانم ئەمە روون بکەمەوە. کار لەوەدایە کە بگەیتە پێشەوە بۆ ئەو نادیارییەی بەنێو لە رادەبەدەرە، دەقاودەق مێشک لە دەستدانە. ئەمەش مانای ژانێک بووبێ، وەمنیش گەیشتوومەتە ئەو رادەیەی کە من ئەو کەسەم. ئەمە هەڵەی من نییە ئەمەش هەڵەیە کە بگوترێ: بیردەکەمەوە. مرۆ پێویستبوو بڵێ: بیرکەرەوەم. لە یاریکردنم بە ووشە بمبوورە.

من کەسێکی ترم. گەر پارچەدارێک بێدار بێتەوە وەک کەمان ئەمە بۆ خودی پارچەدار ناخۆشترە و دڵنیاکەرەکان وێڵ بکە کە لەوچەیی دەکەن دەربارەی ئەو شتانەی کە هیچی لەبارەوە نازانن.

تۆ هیچم فێرناکەی. ئەم شیعرەی کە لەگەڵ نامەکەدا ناردراوە بە تۆی دەبەخشم: ئایا ئەمە جارگەرییە، کە تۆ دەیڵێی؟ ئایا ئەمە شیعرە؟ هەر

چۆنیێ بیێت ئەمە فەنتازیایە، بەڵام بە هیچ جۆریێ داوای ئەوە ناکەم نە بە قەڵەمی سوور و نە بە گیان هیێڵ بەژیێریدا بکیێشی.

"Le Coeur Supplicie"

شیعرەکە ناخوازیێ هیچ شتیێک بڵیێت.

وەڵامم بۆ رەوانە بکە: A.R. c/o Deverriere.

پڕ بە دڵ سڵاو.

ئارتۆر رامبۆ.



**بۆ پاول دیمینی** Paul Demeny .

شارلڤیل 15ی نیسانی 1871.

بڕیارم داوە وانەیەکت لە ئەدەبی تازەدا پێ بڵێم. یەکسەر بە ئایەتێک لە ئینجیلەوە دەچمە سەر باسەکە کە ئەمڕۆ بەجۆرێک بابەتی رۆژە:

"Chant de guerre parisien"

وا ئێستا شتێکیش بە پەخشان سەبارەت بە ئایندەی شیعر:

لەم ژیانە هارمۆنیەدا هەموو شیعری کۆنینە دەڕژێنە نێو گریکەوە. لەنێوان گریک و رۆمانتیکدا ***سەدەی ناوەڕاست*** مرۆڤی شارەزایانی جوانپەرست بەدی دەکرێ. شیعری دانەران. لە ئینۆسەوە Enniusوە بۆ سیرۆلدۆس Theroldus وە لە سیرۆلدۆسەوە Theroldus بۆ کاسیمیر دیلاڤیگنە Casimir Delavigne تەنیا پەخشانیان بە شیعر

کردووە. ئەدیبێکی لە چوارچێوە و پێوەند بەدەری لە ئاوەز سەرهەڵگرتوو سەربەرزی نەوەکانە و نیشانەی لاوازیشە: راسین وەک بێگەردەکە، بەهێزەکە، مەزنەکە دەبینرێ. گەر هاتوو ***هۆناندنەوە***کەی لێ دەربکەین نیمچە کۆپلە شیعرەکانی لێک هەڵکێشین ئەوا ئەمڕۆ خواوەندی دۆمەریۆنسن وەک یەکەمین، باشترین نووسەری ***رەچەڵەکی جۆرایەتییەکان*** لەیاد دەکرا. پاش راسین یارییەکە دەستی بە لاوازبوون کرد، بەڵام ئەوە دوو هەزار ساڵە درێژەی پێ دەدرێ. ئەمەش نە گاڵتەیە و نە چاوەڕوان نەکراویشە. هۆشی من ئەوەندە بەڵگەم پێ دەدات بۆ ئەو مەسەلەیە لە جیاتی دانانی پاشایە، لاوی فەرەنسی لەو رۆژگارەدا کە ورووژاندنی هەبوو. وێڕای ئەوانەش وەک ئەوەی تازە بەخێرهاتووەکان بۆیان هەیە تف لە پێشەنگەکانی خۆیان بکەن: ئەوانەش هێشتا لە کۆشی دایکیانن و کاتیشیان بەدەستەوە هەیە.

رۆمانتیک هەرگیز بە یەکسانی هەڵنەسەنگێنراوە. باشە دەبوو کێ ئەوەی بکردبایە؟ لەوانەیە رەخنەگران!! یان وەک رۆمانتیکەکان بە خۆیان کەوا بە روونی پەردە لەسەر دووری نێوان شیعر و گۆرانی لا دەدەن، گەر لەگەڵ ئەوەی دوایدا مەبەست هزرێک بێ گۆرانیبێژ هەم لێی تێگەیشتووە و هەمیش دەریبڕیوە.

بۆیە من کەسێکی ترم. گەر مس لە خەو رابێ وەک ترومپێت ئەوە کارێکە کە مس ناتوانێ هیچ شتێک بکات. ئەم شتە بۆ من بە تەواوی روون و ئاشکرایە: من تەنیا شایەدێکم بۆ هاتنە دنیا هزرم. من دەبینم و گوێش دەگرم: بە پەنجە کێشان بە باسکی کەمان سێمفۆنیاکە لە ناخەوە دەست بە لەرینەوە دەکا یا بە بازێک بەسەر شانۆ دەکەوێ.

گەر هاتوو ***پێشەنگەکانمان***، بیر تەنگەکانی ئێمە منی خودیان پشتگوێ نەخستبایە ئەوە ئێمە رزگارمان دەبوو لە گەسکدانی ئەم هەموو میلۆنەها مردووانە کە لە سەرەتای دەسپێکردنی سەردەمەکان سەرقاڵ بوونە بە کەڵەکەکردنی بەرهەمەکانیان کە بە مێشکی دیاریکراویان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە خۆیان دروستکەریانن.

وەک پێشتر وتم شیعر و گۆرانی گرێکی هاوکاربوون بۆ کردار. پاشان مۆسیقا و هۆنینەرەوەکان rimsmide تەنیا یاری و کار بەسەربردن بوونە. چاوچنۆکەکان بە شادییەوە لەم رابردووە دەکۆڵنەوە. زۆر کەس بە دوای ئەوە دەگەرێن کە ژیان بکەنە بەر پاشماوە کۆنینەکان: ئەوە کاری خۆیانە. ئەوە ژیری گەردوون، گیانی جیهانی، هەمیشە لە خۆیانەوە پەیدابوونە: مرۆڤەکان هەندێ لەو مێوە وەریوانەیان کۆکردۆتەوە و کردوویانە بە کردار یان پەرتووک هەمیشە بە هەمان رۆیشتنی لۆژە لۆژە. مرۆ هەرگیز کاری لەگەڵ خۆیدا نەکردووە. چونکو هێشتان نە لە خەو بێداربۆتەوە و نە خەوی گەورەش باوەشی پێداکردووە. لە هیچ شوێنێ فەرمانبەر، نووسەر، ئەدیب، داهێنەر، شاعیر هەرگیز بوونی نەبووە.

یەکەم کاری نووسەر ئەوەی کە بە باش و تەواوی شارەزایی سەبارەت بە خودی خۆی بەدەست بێنێ: پێویستە خودی خۆی پاکژبکاتەوە و بیخاتە بەردەستی خۆیەوە، لێی بکۆڵێتەوە، تاقی بکاتەوە، فێری ببێ، کە چاک شارەزایی سەبارەت بەو خودە پەیداکرد، جا دەست بە چاندنی دەکا. رەنگە ئەوە زۆر ئاسان بێتە بەرچاو، چونکو لە هەموو مێشکێک گەشەکردنێکی سروشتی روودەدا. زۆر لە خۆپەرستان خۆیان وەک نووسەرێکی راستەقینە پێشان دەدەن،

جۆرێکی تریش هەیە کە بە گەشەکردنی ژیریی و رۆشنبیری خۆیان هەڵدەدەن. مەبەستیان ئەوەیە خۆیان بکەن بە مەزن: دەبن بە comprachico ، بێ کەم و زیاد! وا بێنە بەرچاوت کە زیپکە لە رووخساریان موتوربە دەکەن و دەیچێنن. مەبەستم ئەوەیە کە مرۆ دەبێ "روانینوان"ی ئەودیو بێت، واتە خۆی بکا بە "روانینوان"ی ئەودیو.

شاعیر بەهۆی ئاگایی هۆش لە دەستدانێکی درێژخایەنی هەمەلایانەوە خۆی دەکا بە "روانینوان"ێکی ئەودیو. بە ئارەزووی خۆی بەدوای هەموو شێوەیەکی خۆشەویستی، ئازار چەشتن، دێوانەیی، هەرچی ژەهرەکانی ناخی خۆی هەیە دەسووتێنێ هەتا تەنیا گەوهەرەکەی بهێڵێتەوە، ئەوە ئەشکەنجە کێشانێکی لە نووسین بەدەرە کە باوەڕکردنێکی لە وزەی مرۆڤ باڵاتر دەخوازێ، ئەوەیە دەیکا بە نەخۆشترین کەس لە کەسە نەخۆشەکان، گەورەترین تاوانبار، نەفرەتلێکراوترین کەس لە کەسە نەفرەتلێکراوەکان، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوەیە کە دەیکا بەو کەسەی لە هەموو کەس زیاتر دەزانێ. بەوەیە کە دەگاتە ئەو نادیارییە! ئەمەش خەڵاتەکەیەتی چونکو پێشتر بە بەردەوامی لە هەموو کەس زیاتر ناخی خۆی بە دەوڵەمەندی چەکدارکردووە. ئەو دەگا بەو نادیارییە، هەرچەندە بەوە لە کۆتاییدا دەبێ بە دێوانە کە لە رامانەکانی خودی خۆی تێناگا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تیایدا ژیاوە! وا دانێ کە ئەو بە بازدانێک بە شوێن نەبیستراوە و نەبینراوەکەدا پێشکەوتنی بەدەستهێناوە: هەندێ لە کارگەرە سامناکەکان ئەوەندە لەو ئاسۆیە نزیک دەبنەوە کە خودی خۆی لەوێدا کوژراوە.

(شەش دەقیقە دوای ئەوە).

دەمەوێ ئایەتێکی تری بیبل Bibel بخەمە نێو ئەم باسەوە کە بە تەواوی لەگەڵ دەقی ئەمڕۆدا پێودانگە. باش گوێی بۆ رادێرە، پەشیمان نابیتەوە، من باسکی کەمانەکەم بەدەستەوەیە وە دەست بە ژەنینی دەکەم: "Mes petites amoureuses" فەرموو. لە یادیشت نەچێ کە ئەگەر من بە خۆکێشانەوەم ناچارم کردی کە زیاتر لە شەست سانتیمەتر نرخی پۆستەکە بدەی – من شەیتانی بەستەزمان کە حەوت مانگە فلسێکی سوورم بە چاو نەدیوە – هەروا منیش دەمەوێ Amants de Paris بە سەد کێشی شەشەکی بۆت بنێرم و Mort de Parisیش بە دوو سەد!

دووبارە دێینەوە سەر باسەکە:

شاعیر بە دەربڕینێکی تر خۆی ئاگردزێکی راستەقینەیە. شاعیرە کە نوێنەرایەتی هەموو مرۆڤایەتی دەکا، بگرە ئاژەڵەکانیش: شاعیر دەبێ بە هەموو کەس رێگە بدات کە بۆن بکا، هەستی پێبکا و گوێی لە داهێنانەکانی بێ. ئەگەر ئەوەی کە لە ناخیەوە دەیهێنێ و خاوەنی شێوە بێ، ئەو شێوە بەرهەم دێنێت. ئەگەریش بێ شێوە بێ، ئەوە بێ شێوەیی بەرهەم دێنێ. گەر زمانێک هەبێ – چونکو هەر وشەیەک بۆ خۆی هزرێکە، بۆ ئەوە ئەوا دەکات هێدی هێدی زمانێکی گەردوونی سەرهەڵدەدات، زمانێکی جیهانی! مرۆ دەبێ ئەکادیمی بێ – لە پاشماوە (حفریات) مردووترە – بۆ ئەوەی لە هەر زمانێک بەسەر فەرهەنگی وشەکانی ئەو زمانەدا زاڵ بێت، ناخێکی لاوازیش لەسەر یەکەمین ئەلف و بای زمانەکە دەست بە بیرکردنەوە دەکا، ئەوەیە زۆر خێرا

دەیانشێوێنێ. ئەو زمانە لە ناخەوە بۆ ناخ بێ، هەموو شتێک لەخۆ بگرێ، بۆن، دەنگ، رەنگ، هەر هزرێک و بەویترا بچەقێنێ لەگەڵ خۆی راپێچی بکات. شاعیر پێویستە ئەو نادیارییە گەمارۆ بدات کە لە سەردەمی ئەودا خەرمانەیەکی لە ناخی جیهانیدا فەراهەم کردووە: بەم شێوەیە ئەو دەتوانێ زیاتر فۆرمۆڵەی هزرەکانی خودی خۆی بەجێبێڵێ، زیاتر لە شاهیدێک سەبارەت بە گەشەکردنی خودی خۆیدا. ویڕای ئەو بێ هاوتاییە کە بوو بە پێوانەیەک هەموو کەسێ پێی رازی بوون، لە راستیدا هەر خۆشی دەبێتە هەمە چەشنی ئەو گەشەکردنە.

ئەم پاشەرۆژە دەبێ بە ماتریالی، تۆ ئەمە بە ئاسانی بەدی دەکەی. ئەم شیعرانەی کە هێشتا پڕن لە ریتم و هارمۆنی، دەتوانن نرخی خۆیان بەردەوام بهێڵنەوە. گەر باش بیری لێکرابووایە ئەوە دەبوو بەشێوەیەک لە نزیک بوونەوە لە شیعری گریکی.

ئەو هونەرەی کە بەردەوام دەمێنێتەوە پێویستە ئەرکێکی هەبێ، چونکو هەروا شاعیریش خۆی هاوڵاتییە. ئیتر لەمەودا شیعر ناتوانێ کردار پێشکەش بکا. ئەم کردارە لەپێش ئەوەدا دەکرێ.

ئەم جۆرە شاعیرە، هەردەم بوونی دەبێ! کاتێ کۆیلایەتی ژنان بنەبڕ دەکرێ، کاتێ پیاو – کە تا ئێستا بێزلێکراوێکی چەوسێنەر بووە – ئازادی دەدا بە ژنان بۆ ئەوەی بژین لە ناخ و بۆ خودی خۆیان. ئەو کاتە بگرە ژنیش دەبێ بە شاعیر. ژنان رێگە دەدۆزنەوە بۆ گەیشتن بە نادیارییەکە! لەوانەیە جیهانی پێشاندانی ژنان لەگەڵ هی ئێمەدا جیاوازی هەبێ. ژنان هەڵدەستن بە ئەفراندنی شتی سەیر، ئاڵۆز،

بێزەوەر، زۆر جوان، ئێمەش دێین و ئەم شتانە وەردەگرین و سوودی لێ وەردەگرین.

لە چاوەڕوانکردنی ئەم شتە لە شاعیر داوای شتێکی تازە دەکرێ بە هەردوو ***شێوە و ناوەرۆک***. هۆنینەوانەکان گەلێ جار لە خەیاڵی خۆیاندا لەم باوەڕەن کە ئەم داوایەیان وەرگرتووە. بەڵام نابێ کارەکە بەم شێوەیە ئەنجام بدرێ.

رۆمانتیکە سەرەتاییەکان بە خۆیان "روانینوان" بوون بێ ئەوەی خۆشیان لە راستی ئەم کارە تێبگەن. چاندراوەکانی ناخیان بە رێککەوت دەستی بە فراژان کردووە: ئەوان بوون بیانچوویێنین لەگەڵ شەمەندەفەری بێ شوفێر، بەڵام شەمەندەفەرێک کە سووتەمەنی لەبەردا بوو تا کۆتایی سکەکە دەخولێتەوە. لامارتین Lamartine هەندێ جار "روانینوان"ـە، بەڵام بە فۆرمێکی کۆن خنکێنراوە. هۆگۆ Hugo زۆر شەڕەنگێزە، بەڵام زۆر شتم لە کارە تازەکانی بینیوە: ***لانەوازەکانی*** بەراستی خۆی داستانێکی راستەقینەیە. ئێستا خەریکی Les Chatimenst م: Stella کەم و زۆر ئەوە نیشاندەدا کە سنووری رامانی هۆگۆ بە کوێدا تێپەڕ دەبێ بیلمۆنت Belmonttو Lamennais بێڕادە، گەلێ زۆر خوا Jehova و کۆڵەکە و زێدرۆی راکردنە زۆر کۆنەکانە.

بەشێوەیەکی گشتی موسسێت Musset بە وێناندنی ئازار چەشتووە بۆ نەوەی ئێمە بێ بایەخە – بەوەی کە خاوی فریشتەی سیرافیمی (Serafiska) وەک کریتێک رادەوەستێ. ئای لەو شانۆیە سالۆنیانە بێ زیان و سەرگوزشتە ئیتالیانانە، ئای لەو شەوانە ئای Rolla، ئای

Namouna، ئای La Coupe- ئای فەرەنسەوی جوان، بەمجۆرە بەتەواوی سەردانانەوێنێ: فەرەنسەوی نە پاریسی! ئالێرەدا بەرانبەر بەرهەمی بیلمەتێکی غەمبار وەستاوین کە بەهرەی لە ڤۆلتێر Voltarire و ژان دیلا فۆنتانە Jean de La Fontaine وەرگرتووە، لەگەڵ شرۆڤەکردن لەلایەن بەرێز تاینە Taine وە! بلیمەتی بەهاری سازگارانەی مۆسسێت، شیعرە دڵدارییە دڵڕفێنەکانی! شیعری فەرەنسی هەمیشە لە فەرەنسادا هەڵدەلووشرێ. هیچ شاگردی بەقالێک نییە کە نەتوانێ تۆنترقەییە یەک بەدوا یەکچووەکان a la Rolla نەڵێتەوە. هیچ فەقێیەک نییە کە دەستنووسێکی پێنج سەد هۆنینەوەیی "تقم rimmen" نهێنی نەبێ. کوڕەکان لە تەمەنی پانزە ساڵیدا بە تەقینەوەی بورکانی موسسێت شێتی بە بەباهاتن دەبن، لە شانزە ساڵیدا رازی دەبن بەوەی دەرسی هەستی و رۆحیان پێ بدرێ، لە هەژدە یان بگرە لە هەڤدەش، هەر قوتابییەکی ئامادەیی کە هەیە Rollaی خۆی دەزانێ یان وەک Rolla یەک دەنووسێ! رەنگە هەندێکیان هێشتا لە کاتی ئەم کۆدەتایەدا گیان لە دەست بدەن. موسسێت هیچ شتێکی نەکردووە: روانگە بۆ بینینی ئەودیوی پەردە تەنکەکە هەبوو، بەڵام ئەو چاوی نووقاند. ئەو نموونە ئاژەڵە بێکرکراگەیە فەرەنسیە، کە ئێستا لە مەیخانەوە گواستوویەتەوە بۆ مێزی قوتابخانە، لاشەیەکی جوانە و هەر بە جوانیش دەمێنێتەوە کە ئێمە ناتوانین و ناشکرێ بە بێزکردنەوەمان هەوڵبدەین رۆحی بەبەر بدەین.

رۆمانتیکی تازە بە پلەیەکی باڵا روانینوانە: Leconte، Theophile Gautier Theodore de Banville، de Lisle، بەڵام چونکو شرۆڤەکردن لە ناخی مردووەکان شتێکە و پشکنین لە نەبینراوەکە و

گوێگرتن لە نەبیستراوەکەش شتێکی ترە، بۆدلێر Baudelaire لە ریزی پێشەوەی روانینوانەکانە. پاشایە لە نێو شاعیراندا، بەراستی خوایەکی راستییە. بەداخەوە زیاد لە پێویست لە نێوەندێکی هونەری ژیا، بەراستیش فۆرمە نرخێندراوەکانی بەشێوەیەکی گشتی ساکارە. دۆزینەوە لە نادیارییەکان شێوەی تازە دەخوازێ. ئەوانەی لە ناو فۆرمە کۆنەکاندا گیریان خواردووە ئەمانەن، لەنێو هیچ نەزانەکان: Rolla – L. Grandt ـەیەکی نووسیوە: Roola – A. Renaud ـەیەکی نووسیو، گەورەی فەرەنسییەکان و سەردەمی موسسێت: G. L. Salles ،Soulary ،Cl. Poplein ،Coran ،Lafenestre، مامۆستا بانگەشەدارەکان: Theuriet ،Aicard ،Marc، مردووەکان یا وەک بێگوناهەکان: Barbier ،L.Pichat ،Lemoyne. Autran و شاگردەکانی Deschamps و Des Essarts، رۆژنامەنووسەکان: L. Cladel ،Robert Luzarches، بەوهیمیەکان: ژنان، هەندێ لە لێهاتووەکان: Sully Coppee ،Leon Dierx ،prudhomme . قوتابخانە تازەکان، ئەوەی کە بە پارنەسییەکان Parnassisterna ناودەبرێ دوو " روانینوان"ی هەیە، Albert Merat و پاول ڤێرلین Paul Verlaine، شاعیرێکی راستەقینەیە.

کەواتە من بۆ ئەوە کاردەکەم تاکو خۆم بکەم بەم روانینوانە. ئێستا رێگەم بدە بە شێوەی کورتە بەستەیەک کۆتایی پێبێنم.(Accroupissemenst). تۆ رەقەکاری گەر وەڵامم نەدەیتەوە: بەپەلە، چونکو دوای هەفتەیەکی تر رەنگە لە پاریس بم.
تا کاتێکی تر.

ئا. رامبۆ

**بۆ ڤێرلین** Verlaine

لەندەن 5ی تەمووزی 1873

هاورێی ئازیزم.

ئەو نامەیەی کە رۆژی ناو پاپۆری لەسەر نووسرابوو، بەدەستم گەیشت. ئەمجارەیان، تەواو بەگشتی، هەڵەی تۆ بوو. وەک سەرەتایەک نامەکەت هیچ شتێکی بەرجەستەی تێدا نییە. ژنەکەت ناگەرێتەوە، یان رەنگە دوای سێ مانگی تر، یاخود سێ ساڵی تر بگەرێتەوە، چوزانم؟ ئەگەر مەسەلەکە تورە و توندی بی، ئەوە من چاکت دەناسم کە تۆ ئەوەت نییە. لە چاوەروانی ژنەکەت و مردنتدا تۆ بە لارەلار دەرۆی و شەرِ بە خەڵک دەفرۆشی و رەزات گران دەکەی. ئەرێ بەراست تۆ ئەوەت بۆ روون نەبۆتەوە کە تەقینەوەکان لەلایەن هەریەکێک لە ئێمە بێبناغە بوون؟ بەڵام دوا گوناهەکە هەر لە ئەستۆی تۆدایە، چونکو تۆ ناتەوێ بیربکەیتەوە، وێرای ئەوەش من داوای گەرانەوەت دەکەم. ئاخر تۆ لەو بروایەی کە لەگەڵ کەسێکی دیکەدا بۆ تۆ خۆشتر بێ؟ باش بیربکەوە – بێگومان نەخێر.

تۆ تەنیا لەگەڵ مندا دەتوانی هەست بە ئازادی بکەی، هەر لە ئێستاوە من سوێند دەخۆم لەمەودا لەگەڵت نەرم بم، لەوکاتەی کە پەشیماندەبمەوە لەو هەموو قسە رەقانەی کە بە تۆم وتووە. ئێستا لەو کاتەدا کە من لەبارێکی هێمنم، هەستدەکەم زۆرم خۆشدەوێی، تۆ تاواندەکەی گەر نەتەوێ بگەرێیتەوە یان رێگەم نەدەی بێمە لات، ئەوە تاوانێکە کە ساڵەهای ساڵ پێی رووڕەش دەبی و لە دەستدانی ئازادی

خۆت و زیادیش لە رادە ئازار دەچێژی هەروەک تا ئێستا چێژتووتە، بیر لە رابردوو بکەوە کە تۆ چۆن بووی بەرلەوەی من بناسی. سەبارەت بە خۆشمەوە، ئەوە من بۆ لای دایکم ناگەڕێمەوە. بۆ پاریس دەڕۆم. لە کۆتاییدا من کۆتایی ئێوارەی دووشەممە ئێرە بەجێدێڵم. ئەمە هەڵەی تۆیە کە من ناچارم قاتەکەت بفرۆشم، ناتوانم بەجۆرێکی تر گوزەرانم مەیسەر بکەم. ئەم کارەم هێشتا نەکردووە: ئەو کەسەی کە قاتەکە دەبا تا بەیانی دووشەممە نایەت. گەر بتەوێ نامەم بۆ پاریس بۆ بنێری بەم ئەدرێسە:

L. Forain، 289، rue Saint – Jacques) fvb A. Rimbaud).

خاوەنی ئەم ئەدرێسە لە شوێنی نیشتەجێبوونم ئاگادار دەبێ. ئەگەر ژنەکەت بگەڕێتەوە ئەوە من بێگومان بە نامە نووسین تەریقت ناکەمەوە – هەرگیز. بەڵام بەڕاستی دەڵێم: بۆ لام بگەڕێیەوە. دەمەوێ پێکەوە وێکڕا بژین. من ئاشقی تۆم. گەر تۆ دەرکی ئەوە بکەی ئەوا خۆت چاونەترس و راستگۆ نیشاندەدەی. ئەگەر نا بەجۆرێکی تر ئەوە داوای لێبووردن دەکەم. بەڵام من زۆر ئاشقی تۆم، لە ئامێزت دەگرم، یەکتری دەبینین.

رامبۆ

تێبینی:

Great colle.8 هتد.. تا ئێوارەی رۆژی دووشەممە یان تا نیوەڕۆی رۆژی سێشەممە، گەر ئاگادارم بکەیتەوە .

## بۆ دادگای برۆکسل

واژۆی ئەم نامەیە ئارتۆر رامبۆیە، 19 ساڵم، نووسەرم، دانیشتووی شاری شارلڤیلم (فەرەنسا، Ardennerna)، بەمە دەمەوێ بۆ بەرژەوەندی راستی شایەتی لەسەر ئەوە بدەم، کە بەڕێز پاول ڤێرلین، لە رۆژی پێنج شەممە سەعات دوو لە 10ی ئەم مانگەدا لە هۆتێل، لە ژوورەکەی دایکیدا گوللەیەکی بە دەمانچەکەی ئاراستە کردم و دەستی چەپمی بریندار کرد. لەو کاتەی کە خۆی لە بارێکی ئەوتۆی سەرخۆشیدا دەبینی بۆیە نەیدەزانی چیکردووە، من دڵنیام بەڕێز ڤێرلین لە کڕینی دەمانچەکەی هیچ نیازێکی دوژمنایەتی لەگەڵ مندا نەبووە، لەو کاتەی کە دەرگاکەی لەسەر ئێمە داخست هیچ پلانێکی تاوانبارانەی نەکێشابوو، هەروا لە هەمان کاتدا دەکرێ سەرخۆشی بەڕێز ڤێرلین بەند بێ بە نێوان ناخۆشی خۆی و خاتوو ڤێرلین، ژنەکەی. هەروا زیاد لەسەر ئەوەش ئامادەیی تەواوی خۆم پیشانبدەم من لە هەموو سزایەک ئەو ئازاد دەکەم – یان لەو ئاکامەی کە دادگای شارەوانی وەریگرتوە، من لە هەموو بژاردنەوەی زیانێک دەیبەخشم کە راگەیەنراوی گشتی لەمەڕ مەسەلەکەوە لە بەڕێز ڤێرلین داوای دەکا.

شەممە 19ی تەمووز 1873     ئارتۆر رامبۆ

**سەرچاوە:**

**بۆ سویدی: L. Bjurmen، گۆڤاری Ord & Bild ساڵی 1962**

**بۆ کوردی: هەندرێن و عەبدوڵلا رەحیم.**

## نامەکانی مەرگ



لەمەڕ بێدەنگییە سپییە خپەکەی رامبۆوە دەپەیڤین، کە دەتگووت لە بەرامبەر شیعر مانی گرتبوو. 15 ساڵان



لە بازرگانی و سەرکێشی و سەفەرە هەمیشەییەکانی نێوان عەدەن و هەرەر و نکاڵی دەریای سوور، سرەوتنی نەبوو. بێ بادانەوە و مێشکەیی لە شیعر نووسیندا نەبان بوو، وەلێ نەک بەیەکجاری پشت لە نووسین بکا. نامە گۆڕینەوەکانی ئەم هاموشۆ و نێوانکارییەی لەگەڵ ئەدەبکاریدا دەسەپێنێ، هەرچەندیش ئەو نامانەشی دەنێوان کاروانە بازرگانییەکانیدا دەنووسی. هەڵبەتە رەنگبێ ئەوەشی بە مەبەستی ئەدەبکاری نەبووبێ، چونکە بەتایبەتی بۆ دایکی دەینووسی تا هەواڵەکانی سەرگەردانی و دووریەکەی پێ رابگەیەنێ و باسی ئەم داب و نەریتە تازانەی بۆ بکا کە وایلێکردووە شیعر لێی بتۆرێ. ئەم نامانە بەڵگەیەکن، هەستی مرۆ زامدار دەکەن و هەڵبژاردە و دەسکەنەیەکی تایبەتین لە ماڵئاوایی رامبۆ.

## لە رامبۆوە بۆ دایکی



هەرەر – 20ی شوباتی 1891

دایکی ئازیزم،

ئەو نامەیەی کە لە 5ی کانوونی دووەم نووسیوتە بەدەستم گەیشت. ئەو زانیارییانەی کە دەمخوازین هەمووی تیابوو، تەنیا ساردی و گەرمی نەبێ، ئەویش بەگوێرەی ئەو رۆژنامانەی دەیانخوێنمەوە، دیارە ئەوروپا بەگشتی زوقم و شەختەبەندانە.

ئێستا تەندروستیم بەرەو خراپی دەچێ ((1)) خوار قاچی راستم دێشێ. ئەمەش مایەی کارکردنە لەم وڵاتە بەدفەڕانەدا! رۆماتیزم ئازاری تیراوەکەم زۆرتر دەکا. ئەوەش خەتای ئەوە نییە کە ئاووهەوای ئێرە سەختە، ئێمە هەست بە سەرما ناکەین.

لە حەژمەتی ئەم قاچە بەدکارەمدا دەقیقەیەک چییە چاوم نەچۆتە خەو. بەم نزیکانە سەفەر دەکەم، پلەی بەرزی گەرمای عەدەن بۆ من گەلێ لەبارە، ئەگەر سەفەرم کرد ئەم زیانانەی لەسەرم دەوەستێ بەلاوە دەنێم. ناردمە عەدەن کە گۆرەوی تایبەت بە نەخۆشییەکەی قاچم بۆ بێت بەڵام وابزانم لەوێش دەست ناکەوێ.

ئەگەر ئەم ئاجەتەم دەست کەوێ، ئاسوودەم. بۆ قاچێکی درێژ و رەقهەڵاتوو پێم نمرە 41 گۆرەوییەکی تایبەت بەم نەخۆشییەم بۆ بکرە. دەبێ گۆرەوییەکە تا سەرچۆکم هەڵکێشێ. چونکو تیراوەکە گەیوەتە سەرچۆکم. ئەم گۆرەویە دەبێ تەواو لە خوری یان ئاوریشم و پوخت چنراو بێت، هەتا وا لە دەمارەکان بکا هەمیشە هەڵاویسێن. پێم وایە زۆر گرانیش نییە. بەهەرحاڵ نرخەکەیت بۆ دەنێرمەوە، لە چاوەڕوانیدا قاچم بە بەستراوی دەهێڵمەوە. بەهۆی ئەم سەقەتیە شتێکی زۆرم لەسەر پشتی ئەسپەکان لە کیس چوو، زۆر ماندووم، خەڵکی ئەم وڵاتە زۆریان لە کێوەکان هەڵەتە دەبن، لەبەر سەختی کێوەکان هەتا ناتوانین لەسەر پشتی ئەسپەکانیش خۆمان رابگرین. بێ رێگا هەر بە بزنە رێگا دەڕۆین...

ئاووهەوای ئێرە بۆ تەندروستی مرۆڤ مەترسییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام ناشتوانم بەهیچ کارێکی قورس هەستم. زۆر بێزارم، چونکە هەرچەند بڕۆم تیراوەکەم بە ئازارتر دەبێ. ئەگەر گۆرەوی تایبەت بەم نەخۆشییەم نەبێ گۆرەوی ئاسایی بێ سوودە.

دەزانم ژانەکەم هۆی رۆماتیزمی قاچی راستی بەدفەڕمە، کە ئازارم بۆ دێنێ و هەر شەوانیشە کە بەرۆکم دەگرێ.

لێرە کە زستانەکەشی پلەی گەرما دەیە. بەڵام هەمیشە –با-ی وشکی دێ، ئەم بایە بۆ پێست سپییەکان زۆر خراپە. ئەو ئەوروپیانەی 3 ساڵ لێرە دەمێننەوە مەحاڵە لە نەخۆشی رۆماتیزم دەربازبن! شوێنی ژیانمان میکرۆباویە، جل و بەرگمان پەرپووتن، خەمەکان پێک ناچن. ئەم وەرەسی و توڕەیی هەمیشەییەی لە ناو پێسترەشەکاندا هەیە،

گەمژەییان بارتەقای نەفرەتە. ئەو شتانە هەموویان کار دەکەنە سەر ورە و تەندروستی مرۆڤ. سالێک لێرە بەرامبەر پێنج سالآنە، لێرە زوو پیردەبن، هەروەک لە سودانیش وایە.

لە وەرامی نامەکەدا لەمەڕ خزمەتی سەربازییەکەم ئاگادارم بکەوە، هەتا بتوانم چارەیەک بدۆزمەوە. لەوە جەخت بکەن و لە وەڵامدا بینووسن.

## له رامبۆوه بۆ دایکی



عەدەن – 30ی نیسانی 1891 –

دایکی خۆشەویستم،

له بارێکی ئەستەمدا نامەو جووته گۆرەویەکەم بەدەست گەیشت. پاش فره ئاوسانی چۆکی راستم و ژانی جومگەکانم، بۆ هاتنه عەدەن بڕیارمدا، بەڵام لێرەش هیچ داو دەرمانێکم بۆ وەگیر نەکەوت. ئەوا بێ هیچ کەسێکی ئەوروپی بەتەنێ دەناو زنجەکاندا دەژیم.

لەبەر هەندێ ناچارم دەست له کاری بازرگانی بکێشمەوه، ئەوەش ئاسان نییه، چونکو سامانەکەم هەربەشه و که له کون قوژبنێکدایه و دابەش دابەش بووه، من بیست رۆژان له هەرەر ناساغ بووم، دەنا هەموو شتێکم تا هەنووکه جێبەجێ نەکردبوو. هەرگیز توانای شەنگڵ له خۆدانم نییه، ئازارێکی زۆر دەمتیلێنێتەوەو خەوم لێ قاتییه.

بۆ نێوان هەرەر تا زیلەع 16 کاروانچی رەشپێستم هەریەک به (15) تالێره بەکرێ گرت، داوای هەڵگرێکی به قوماش پۆشراوم کرد، له ماوەی دوانزه رۆژدا لەسەر ئەو هەڵگره (300) کیلۆمەتر بیابانی نێوان هەرەر و تا بەندەری زەیلەعم بڕی. باسی ئەو ئازارانه ناکەم که له رێگادا چەشتم. هەنگاوێک چییه نەمتوانی به پێی خۆم بڕۆم، چۆکم دەئاوساو هەمیشه ئازاری زێتر دەبوو.

دوای گەیشتنم لە خەستەخانەی ئەورووپیان نواندم. تاکە ژوورێک لەوێ هەیە بۆ نەخۆشە مەترسیدارەکان: کە ئەویش منی تیا بووم. پزیشکە ئینگلیزەکە کە زەینی دایە چۆکم هاواری کرد، گوتی تەشەنەکردنەکەی پەردەی جومگەت، لە ئاکامی گوێ پێنەدان، لەبەر فرە ماندوویەتی گەیشتۆتە پلەی خەتەرناکی، لەسەرەتادا وتی دەبێ هەر ئێستا قاچت ببرینەوە، پاشان بڕیاریدا بۆ چەند رۆژێکی دەرمانکردنی تا نیشتنەوەی ئاوسانەکەی چاوەڕوان بکەین. ئەوا شەش رۆژە ئەوە بەسەر دەچێ، کەچی هەست بە هیچ باشبوونێک ناکەم، تەنیا بەهۆی پشوودانەکەمەوە ئازارم کەمبۆتەوە. وەک دەزانن، تەشەنەکردنی پەردەی جومگەی نەخۆشیە شلەی جەمسەرەکانی چۆکە، هۆکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ زگماکی و یا کاریگەرییەکی کت و پڕ یاخۆ هۆکانی تر. بەڵامەکینێ بێشک نەخۆشی من بۆ ماندووبوونی رۆیشتنی و سواری ئەسپ بوون دەگەڕێتەوە. لە ئاخیرەتدا، نابێ ئومێدی چاکبوونەوەمان هەبێ، لە کاتێکدا من ئەوە بووە سێ مانگ تووشی ئەم نەخۆشییە بوویمە، هەروا بەڕاشکاوی مایمەوە، قاچەکانم بەستراونەوە، واپێچراوم تا جوولەم پێنەکرێ. بوومەتە پەیکەرێکی رەق و تەق، دەموچاوم ترسناک بووە، پشتم لەسەر جێگا داملْکاوە، هەرگیز خەوم لێ ناکەوێ. پلەی گەرمای ئێرە بەرزە. لە خەستەخانەدا خواردنمان خراپە، نازانم چی بکەم. ئەوە لەلایەکی دیکەوە هێشتا حسابم لەگەڵ بەڕێز تیان ی هاوبەشم تاووتۆ نەکردووە. بای هەشت رۆژانم کار هەیە لە ئاکامی هاوبەشی کارکردنماندا کە 25 هەزار فرەنکم پێ دەبڕێ. لەبەر سەفەرکردنم نەبووایە زۆرترم پێ دەبڕا.

حەزدەکەم بۆ چارەسەرکردنم و کات گوزەراندن بە کەشتی سەفەری فەرەنسا بکەم. چارەسەری پزیشکی و داودەرمان لە فەرەنسادا

هەرزانتر لەسەرم دەوەستێ، هەروا ئاووهەواکەشی باشترە. بەم نزیکانە دێمەوە فەرەنسا. ئەو کەشتیانەی لەم ماوەیە بەرەو فەرەنسا دێن هەمیشە تەژین، بەداخەوە، هەموویان لەم ماوەیەی ئەمساڵدا بۆ کرێ دەگەڕێنەوە. منیش لەهەشت رۆژی داهاتوودا بڕیاری خۆم دەدەم.

لەمەڕ هاتنم کەس ئاگادار نەکەنەوە، رۆژانی داهاتوو ئاسوودەن، بەڵام ئەستەمە ئەو بەسەرهاتە قەبەو کارو خەم و کەسەرانەم لە یاد بچن.

ئای مخابن! ژیانمان چەند کڵۆڵە!

پەراوێز: گۆرەویەکان هیچ سوودیان نییە، هەوڵی فرۆشتنەوەیان دەدەم.

## لە رامبۆوە بۆ دایک و خوشکی

مارسێی – پێنج شەممە 21ی ئایاری 1891

دایکی ئازیزم، خوشکی بەڕێزم،

بۆ هاتنە فەرەنسا سواری کەشتی هاتوچۆی دەریایی بووم، دوای ئازارێکی زۆر زانیم لە عەدەن چارەیەکی گونجاوی پزیشکم دەروەست نابێ. دوێنێ دوای سیانزە رۆژ ئازار چەشتن گەیشتمە جێ، ناچاربووم لە نەخۆشخانەی گواستنەوە بخەوم و بە هەقی دکتۆرەوە رۆژێک دە فرەنک بدەم، ئەو دوای گەیشتنە فەرەنسا هێزم لەبەر نەماوەو لەبەر سەرما خۆم ناگرم. من لەبارێکی یەکجار ناخۆشدا دەژیم، لە دەردی ئازاری قاچی راستم بوویمە پەیکەرێکی رەق، هەنووکە قاچم هەڵاوساوەو لە برینێکی گەورە دەچێ. پەردۆچکەی جومگەم تەشەنەی کردووە، جومگەم ئاوی تێکەوتووە، هتد. دیارە ئەوەش نەخۆشیە پەرتەی جومگە و ئێسکە.



ئەم نەخۆشیە زۆر دەکێشێ، ئەگەر قاچ بڕینەوە دەردێکی دیکەم بۆ زیاد نەکا ناچاریان دەکەم قاچم ببڕنەوە. بە شەلی دەمێنمەوە. بەهەرحاڵ، بەڵام ئەوەی دوودڵم دەکا ئەوەیە کە من توانای چاوەڕوانیم نییە.

ژیان لە مەحاڵ دەچێ. من چەند دەمچەفتم! چەند دەمچەفت بوویمە!

لێره سەنەدێک وەردەگرم نزیکەی 26800 فرەنک دەکا. بۆ کۆنتەوای پاریسی مللی یەکتایی دەنێرم (2). کەسم لە نزیک نییە ئەم کارانەم بۆ راپەڕێنێ، منیش توانای ئەوەشم نییە هەر لەسەر پێخەفەکەشم قیت بمەوە. ئیدی ناتوانم پوولەکەم وەرگرم. چی بکەم؟ ژیان چەند ئەستەمە! ئەرێ دەکرێ کۆمەکیم بکەن؟



**بروسکەیەک لە رامبۆوە بۆ دایکی**

مارسێی – 22ی ئایای 1891- سەعات 2:50 دەقیقەی شەو.


ئەمڕۆ تۆو ئیزابیل، بە شەمەندەفەری خێرا وەرن بۆ مارسێی، بەیانی دووشەممە قاچم دەبڕنەوە. سامی مەرگ. مەسەلەی گرنگی ئارتۆر کۆتایی دێ .

نەخۆشخانەی هەڵگرتن. وەڵامم بدەوە!

**بروسکەیەک لە دایکی رامبۆوە بۆ کوڕەکەی**

22-ی ئایاری 1891- سەعاتی 6:35 دەقیقەی ئێوارە بەڕێدەکەوم.

من واهاتم: بەیانی ئێوارێ دەگەم، ئازا و سەبووربە.



**لە رامبۆوە بۆ**

**ئیزابێلی خوشکی.**



مارسێی – 17ی حوزەیرانی 1891.

هێشتا بۆ کەسێکم نەنووسیوە، هێشتا روونم نەکردۆتەوە. قاچم لە دەرەوەی پێخەفەکەوەیە، دکتۆرەکە گوتی کە من تەواوی ئەم مانگە بەم بارە دەمێنمەوە. دوای ئەوە لەسەرخۆ نەبێت ناتوانم برۆم، قاچە براوەکەم هێشتا زۆر دێشێ، واتە ئەو بەشەی کە ماوەتەوە. نازانم کۆتاییەکە چۆن دەبێ، من بەتەواوی دەستەوەسان بوویمە. گوێت لە من بێ. لە ماوەی چیرۆکی نێشتنەوەکە باسی دەکەی دەتەوێ چی بە من بلێی. وا بەم جۆرە مەترسە، سەبووربە، گرنگ بە خۆت بدەو ئازا بە. هەموو نەخۆشییەکان لەگەڵ کاتدا چارەسەر دەکرێن، وێڕای چارەسەری دکتۆر. دەبێ گوێڕایەڵی کارەکە بین و بێ ئومێدی لە یاد بکەین. بۆ سەفەری دایکم زۆر تەنگەتاوبووم، چونکە هۆی ئەم سەفەرە نازانم (3)، بەڵام لەم وەختەدا باشتر بوو بۆ ئاگالێبوونت لەلات بێت. داوای لێبوردی لێ بکەو سڵاوی منی پێ رابگەیەنە.

کەواتە ماڵئاوا، بەڵام کەس بەو دیدارە نەزانێ.

**لە رامبۆوە بۆ ئیزابیلی خوشکی**



مارسێی – 23ی حوزەیرانی 1891-

... منێک شەوو رۆژ زیاتر لە گریان چی دیکە نازانیّ، من پیاوێکی مردووم، بەدرێژایی ژیان بێ قاچ دەمێنمەوە. بە مەزەندەم پاش پانزە رۆژ برینم سارێژ دەبێ، بەڵام لە توانامدا نابێ بە دارشەق برۆم. سەبارەت بە قاچی دەسکرد، دکتۆر دەڵێ دەبێ بەلای کەمیەوە شەش مانگان چاوەڕێ بکەی دەو ماوەیەدا دەتوانم چی بکەم و لە کوێ سەربنێمەوە؟ تۆ دەزانی، سەرما بەر لە سێ مانگ قاوم دەدا، چونکە من بەر لە شەش هەفتە لێرە توانای جوڵانم نابێ ئەوەش کاتێکی باشە بۆئەوەی لەسەر دارشەقەکانم پرۆڤە بکەم.

کەواتە پێش کۆتایی تەمووز، نایەمە لات، کەچی دەبێ من لە کۆتایی ئەیلوول سەفەر بکەم.

نازانم چی بکەم. ئەم خەم و ئازارە شێتم دەکەن! دەقیقەیەک خەوم لێ ناکەوێ. لە کۆتاییدا، ژیانمان نەهامەتییە، نەهامەتێک کۆتایی بۆ نییە! هەبوونی ئێمە چ سوودێکی هەیە؟ لەمەڕ خۆت ئاگادارم بکەوە.

## له رامبۆوه بۆ ئیزابێلی خوشکی

مارسێی -24ی حوزەیرانی 1891-

... بەرۆکیان گرتوومە گوایە من بەپێی لیستەی رەسمی دەوڵەت لە خزمەتی سەربازی رامکردووە هەروا رەدونراوم..هتد. جارێ داوای زۆری زانیاریم لێ مەکەن هەتا ئەو کاتەی زۆر بەدوامدا ناگەڕێن. دڵگرانی من مەبن، لەم بارو دۆخەدا ناگەڕێمەوە! دوای ئەو هەموو ئەشکەنجەیە مردن لە زیندان چێترە! هەڵبەت، لەمێژە مردن چێتر بوو! لەم دنیایە مرۆیەکی قاچ براوە دەبێ چی بۆ بکرێت؟ بەتایبەتی مرۆڤێک کە هەموو ژیانی لە کۆچدا گوزەراندبێ! پاش ئەم چیرۆکە واتە خزمەتی سەربازی من بۆ گەڕانەوەی فەرەنسا ئامادەنیم، خۆشحاڵم ئەگەر بتوانم لێرە بە دەریاوانی و دەشتیاییدا بۆ وڵاتانی بێگانە سەرهەڵبگرم.

ئەمڕۆ، هەوڵمدا بە دارشەقەکەم بڕۆم، چەند هەنگاوێکم نا سەرەوەی قاچم هەڵکوڕژا، زەحمەتە سەنگی قورساییم راگرم. هەتا قاچی دەستکرد لە قاچم نەگرم.



ئەوانەی قاچیان براوەتەوە هەن چوار یان هەشت وەیان دوانزە مانگ چاوەڕێیان کردووە، ئەوسا قاچی دەستکردیان لە قاچ خستووە! پێم دەڵێن ماوەی چاوەڕوانی تۆ هەردو مانگێک دەبێ...

بەڕاستی ئاسوودەم ئەگەر هەردوو مانگ بێ! کات لە خەستەخانە دەگوزەرێ. چاکە بە دوو قاچان بێم و بچم ئەوا خۆشتریش. لە خەستەخانە بە دارشەق دەرناچم. چونکە بێ سوودە. ئەم دارشەقانە نە کەڵکی سەرکەوتن و نە دابەزینیان هەیە، ئەوەش سەختە. بەو شێوەیە: زۆرتر بەردەبمەوەو سەقەتییەکەم زێتر دەبێ، نیازم وابوو سەردانتان بکەم و چەند مانگێک لەگەڵتان بەسەرببەم. بەهیوای قاچە دەسکردەکەم ئەو نیازە دوادەخەم، دەنا ئێستا دەتوانم سەردانتان بکەم.

خۆم دەدەمە دەست قەدەر. دەمرم و سودفە و قەدەر تورمهەڵدەدا، خۆزی بە جارانی گۆرین، لەوێ دۆستانی دەیان ساڵەم هەبوو، هەرنا بەزەییان پێم دەهات، کارێکم لایان دەست دەکەوت، بەپێی توانا دەژیام، هەر لەوێ دەژیام، کەچی لە فەرەنسادا لە ئێوە بترازێ نە ئاشنا، نە ناسیاو کەسی دیکەم نییە. دەگەڕێمەوە ئەوێ، ئەگەر نەمتوانی ئێوە ببینم هەر چۆنێ بێت دەگەڕێمەوە ئەوێ.

ئەگەر هەر زانیارییەکتان دەرهەق بەوە نارد، هەرگیز شوێنشینم دیاری نەکەن، من دەترسم لەوەی بەهۆی پۆستەوە ئەدرێسی منیان دەسگیر بێ. رەنج بە خەسارم نەکەن.

## لە رامبۆوە

## بۆ ئیزابێلی خوشکی



مارسێی – 29ی حوزەیرانی 1891

هەرگیز هێزی بزوانم نییە، هەنگاوێک چییە ناتوانم بڕۆم. قاچم باش بووە، چاترە بێژم، برینەکەی قەپات بووە، زۆر خێرا سارێژبوو، ئەوە هانم دەدا بەڵکە خۆم لە قاچ برینەوە بدزمەوە. من لەلایەن دکتۆرەکانەوە سەربەستم، ئەگەر من بمەوێ لە خەستەخانە دەرچم، ئەوان رێم ناگرن، بەڵام چی بکەم؟ ناتوانم هەنگاوێک بڕۆم. من لە هەوایەکی وەهام، بەدرێژایی رۆژ لەسەر قەعدەکەم، پرۆڤە بە دارشەقەکانم دەکەم، بەڵام بۆ من باش نییە چونکە باڵام درێژە، بەهەرحاڵ لای سەرەوەی قاچم هەڵکورماوە، هاوسەنگیم پێ ناگیرێ. چەند هەنگاوێک دەڕۆم و رادەوەستم نەوەک بەربمەوەو دیسان شتێکم بەسەربێ.

بۆ ماوەیەک قاچی شەپکەیی داوا دەکەم، لە لۆکەی دەگرم و نیوە قاچەکەمی تێهەڵدەکێشم و بە یارمەتی گۆچان دەڕۆم. دەتوانم بە قاچی شەپکەیی پرۆڤە بکەم و ئەوجارە نیوە قاچەکەم بەهێز بێتەوە داوای قاچێکی جومگەدا دەکەم، تا قاچم باش رابگرێ، ئەوسا دەتوانم کەمێک بڕۆم. کەنگێ مرازم حاسل دەبێ؟ ئەمجا دەزانم چۆن خێرا کۆتایی بەو هەبوونە کلۆڵەم دێنم. لە هەمووی باشتر ئەوەیە نامەم بۆ بنووسن،

هەتا پۆستی روش نەزانێ. ئێرە خەتەرناکە، بەڵام کەس گرنگم پێنادا. ئەو کاتەی بەپێویست دەزانن نامە بنووسن. لەسەر پاکەتی نامە مەنووسن ئارتۆر، هەر تەنیا رامبۆ بنووسن. لە نزیکترین کات و بە پوختەترین شێوە ئاگادارم بکەنەوە، ئاخۆ دەسەڵاتداریەتی سەربازی چی لە من دەوێ، چ سزایەکیان داناوە بۆم، ئەگەر راویان نام- ئەو کاتە دەزانم و کاری خۆم دەکەم، بەخێرایی سواری کەشتی دەبم.

**لەئیزابێل رامبۆوە**

**بۆ ئارتۆری برای**

روش – 30ی حوزەیرانی 1891-

... ئارتۆری ئەزیزم دلێربە! لەمدیو پەنجەرەوە دەبینم پیاوێکی قاچ هەڵکورماو لەمێژە هەر لە جەنگی 1870دا وەک بەیادم بێ قاچیان بڕیوەتەوە. ئەم پیاوە لەسەر عارەبانەیەکی گەورەی پڕ لە بانێژە دیارە، راداوەستێ و بەگورجی هەروەک قاچەکانی ساغ بن دادەبەزێ، ئەمجۆرە وێنەیە لە هەفتەیەکدا جارێک یان سێ جار دەبینم، کە ئەو پیاوە هەمیشە شۆخ و دڵشادە. بەهەمان ئاسایی سواری عارەبانەکە دەبێتەوە، گوێم لە خۆی بوو کە بە قاچی شەپکەیی ئاوا دەجولێتەوە. لە جەژنی گوندان سەماکەر هەرگیز نازانێ ماندووبوون چییە. ئەوا پێت دەڵێم، ئێمە بەرامبەر هەموو کارێک بە دەست پاکی دەمێنینەوە، ئەگەر ئەندامێکیشمان لە دەستچوو دەکرێ لەسەر زەوی ئاسوودەمەند بین.



## لە رامبۆوە بۆ ئیزابێلی خوشکی

مارسێی – 1ی تەمووزی 1891 –



... لەمێژە برینم سارێژبووە، بەڵام نیوە قاچە ماوەکەم ئازاری زۆرە، ئەوا قاچەکەی تریشم دێشێ، ئەرێ دەبێ هۆی زۆر مانەوەی سەر جێگام بێ، یان لاوازی ناهاوسەنگیم بێ؟ هەتا قاچەکەی ترم چاک نەبێ ناتوانم بە دارشەقەکەم برۆم، ئاخۆ دەبێ ئێسکەکانم نەخۆشییان گرتبێ و هەرەشەی مردنی قاچەکەی تریشم لێ دەکا؟ زۆر دەترسم، نابێ زۆر خۆم ماندوو بکەم، لەمەودوا دارشەقەکەش فرێ دەدەم. بۆ قاچی شەپکەیم راسپاردووە، دوو کیلۆ قورسە و لە ماوەی پانزە رۆژدا دەبێ ئامادە بێ. بەڵام لەمەڕ قاچی جولێنەر و نەرمدا جارێ بەکاری من نایێ.

هەتا کۆتایی تەمووزیش هەر لە خەستەخانە دەمێنمەوە. بۆ یەک رۆژ شەش فرەنک دەدەم، لە یەک سەعاتدا هەندەی شەست فرەنک وەرەس دەبم. شەوێک یەک سەعات دەخەوم. ئەو بێدارییە وام لێدەکا بزانم نەخۆشییەکی ترم هەیە. بەترسەوە بیری قاچەکەی دیکەم دەکەم! لەم وەختە ئەو قاچە ساغەم لەم دنیایەدا بۆ من تاکە سەنەدە! کاتێ لە هەرەر چۆکم چاکبۆوە، لەو بێداربوونەو خەوتنەمدا بەر لە پانزە رۆژ دەرکی ئەو باشبوونەم کرد. لە کۆتاییدا، رەنگە چارەنووسم پەککەوتەیی بێ! ئەو کاتە کارگێڕی سەربازی لە من خۆش دەبێ! دەبا ئومێدی چاکە بکەین.

## لە ئیزابێل رامبۆوە بۆ ئارتۆری برای

روش – 8ی تەمووزی 1891-

ئارتۆری هێژا،

دواجار ئەوا گرفتی سەربازیەکەتمان پێکهێنا، وێڕای ئەم نامەیە، دانەیەکی وێنەی ئەم خیتابەت بۆ دەنێرین کە هەمان رۆژی خیتابەکە، لە باوەڕپێکراوێکی سەربازی مزبیرمان وەرگرت! کە ئەمەش خیتابەکەیە:-



***ناوبراو رامبۆ - ج – ف – ئارتۆر، لە 16ی کانوونی 1882دا لە دورگەی عارەبیدا دەژیێ، ناوبراو لە رووی یاساییەوە حەوجە بەوە ناکا بیر لە خزمەتی سەربازی بکاتەوە، ئەم دواخستنە تا کاتی هاتنەوەی بۆ فەرەنسا دەکرێ تازە بکرێتەوە.***

میزبیر: فەرماندەی سەربازگرتنی بیرتۆ

بەڵام سەبارەت بەیەکجاری لێبوردنی خزمەتی سەربازییەکەت، تەنیا دەبێ بەخۆت باوەڕپێکراوی سەربازی شاری مارسێی رازی بکەی، ئەگەر کاتێکی زۆر لەوێ، یا لە میزبیر بمێنیتەوە. کاتێ هاتیەوە بە هێما پێم رابگەیێنە، هەروەک لە نامەی پێشوو تێبینی کراوە، ئێمە هاتنەوەت بۆ فەرەنسا و قاچ بڕینەوەکەشت بۆ کەس ئاشکرا ناکەین، خۆ

قاچبڕینەوەکەت وادەکا کە تۆ کەڵکی هیچ جۆرە خزمەتێکی سەربازیت نەبێ... ئارتۆری ئەزیزم، ئەوا تۆ سەربەستبووی، بەر لە گەیشتنت پێمان بڵێ بزانە حەزت لە نهۆمی سەرەوەیە یان خوارەوە، هەتا بتوانین بۆ ئارامیت ئامادەی بکەین..

ئایا بە تەنێ بە شەمەندەفەر توانای سەفەرت هەیە؟



## لە رامبۆوە بۆ ئیزابێلی خوشکی

مارسێی – 10ی تەمووزی 1891-

... تا ئێستا ناتوانم بێ دارشەق برۆم و مەحاڵیشە پلیکانێک دابەزم و سەرکەوم. بەم حالە ئەوان ناچارن بەپشت هەڵگرتن سەرمبخەن و دامبەزێنن. ئەو قاچە شەپکەییەی رامسپاردبوو بۆیان هێنام، قاچێکی زۆر سوک و رێکە، ناوەخندار و بەسوودە نرخی 50 فرەنکە چەند رۆژێکە لە قاچم خستووە، هەوڵمدا بەهۆی دارشەقەکەم برۆم، بەڵام نیوە قاچە ساغەکەم تەشەنەی کردووەو دەستەوەستانی کردووم. بۆیە ناتوانم تا پانزە، بیست رۆژێک بەکاری بێنم، دەبێ لە ماوەی مانگێکدا لە رۆژێکدا یەک، دوو سەعات پێی برۆم. تاکە سوودی ئەوەیە لە جیاتی دوو چەق سێ چەقگیرم دەبێ. دەمەوێ بە دارشەق برۆم، چ وەرسیەکە، چەند کەنەفتم، ئای لەم کۆستە، کاتێ هزرو خەیاڵەکانم بۆ کاتە سەروەرییە کۆنەکانم تێهەڵدەچنەوە، چەند خۆشبوو تەنیا پێنج مانگ چەند چالاک و گورج دەبووم!

کوانێ گەڕان و سووڕانەوەکانم لە چیا، پیاسەکانم لە بیابان، کەنار، رووبارو سەر دەریاکان کوانێ؟ ئێستا لە ژیانی سەرکورسی بترازێ هیچی دیکەم نییە! ئا! تێگەیشتم دارشەق و شەپکەو قاچی دەسکرد تەنیا کۆمەڵە بووکۆکەیەکن و بەس، بەوانە ناگەمە هیچ شوێنێ، دەبێ بێ ئومێدانە قاچەکانم بەدوای خۆمدا راکێشم، بێ ئەوەی بتوانم هیچ کارێک بکەم، ئا ئەوە ژیانمە، من کە دەمویست ئەم هاوینە بۆ ژن هێنان بڕیاری گەڕانەوەی فەرەنسا بدەم!ماڵئاوا لە ژن، ماڵئاوا لە خێزان، ماڵئاوا لە ئاینده! ژیانم فەوتاو تێچووم، هەبوونم کۆلکەدارێکی داهێزراوو چروکە..

## لە رامبۆوە بۆ ئیزابێلی خوشکی

مارسێی – 15ی تەمووزی 1891 –

... دوای گەیشتنی ئەم دوو بەڵگەنامەیە، لەمەودوا دەفیکری کەوتنە زیندان ناکەومەوە، هەروا تا لە نەخۆشخانەدابم کارگێڕی سەربازگە بەدوای خستنە زیندانی پەککەوتەیەک ناکەوێ.

چۆن دەتوانم بەڵگەنامەیەکی هاتنە ناو فەرەنسام دەست بکەوێ، چ رێگایەک بگرمە بەر باشە؟ نەکەسم لەلایە ئەم زانیاریانەم پێ بڵێ و نەخۆشم رۆژانە دەتوانم ەو قاچە شەپکانەم بچمە لای نووسینگەکان و ئەوەیان لێ بپرسم. شەوو رۆژ بیر لە رێگای گواستنەوەی خۆم دەکەمەوە: ئەوە سزایەکی راستەقینەیە! دەمەوێ ئەمە و ئەوە بکەم و بڕۆمە ئەملاو ئەولا، ژیان و رۆیشتن ببینم! مەحاڵە ئەوانە هەتا وەختانێکی یەکجار دوور ببینم، یان هەتا هەتای نایبینم، رەنگە تەنیا لەم دارشەقە بێسوودانە زیاتر کەسی دیکەم لە تەنیشت خۆم نەبینم – بەبێ ئەم دارشەقانە توانای هەنگاوێک جولانم نییە، بەبێ ئەم پرۆڤە وەرزشییە سەختانە نەبێ و ناتوانم جلەکانم بپۆشم و داکەنم.

بەهۆی ئەم دارشەقانەوە دەتوانم تۆزێک بڕۆم، بەڵام ناتوانم بەسەر پلیکانەکاندا نەسەرکەوم و نەداشبەزم، هەروا زیپکەکانی شانم ئەگەر زەوی خوارو خێچی بێ زیاتر ماندووم دەکەن. دەستەکانم و شانی راستم زۆرم ئازار دەدەن، سەرباری ئەوەش دارشەقەکانم بن پیلم دەگروێنن و هەروا قاچی چەپیشم دێشێ. لەسەر ئەم هەموو ئازارانە

وەک پاڵەوان هەڵسوکەوت دەکەم تا وا لە خۆم بگەم کەمێ هێشتا دەژیم و ساغم لە ژیان.

لە راستیدا ئەوانە هەموویان لێدانێ بوون و منیان ئەنگاوت. یەکەم ئەنگاوتن لەبن سابوونەی چۆکمەوە بوو، لە سەرەتا ئازارێکی کەمی هەبوو هەموو دەقیقەیەک بریندارى دەکردم و پەرت دەبوو، ئەوسا هەستم کرد گرێیەکی گەورە لە جومگەکانم دروست بووەو دەمارەکانی رانمی گرژ کرد، دوای ئەوە دەمارەکانی دەرەوەی چۆکم ئاوسان، کە ئەمەش بووە نەخۆشی تیراوە، هەوەک زوو دەمزانی. ئەو کات دەرۆیشتم و زۆرم کار دەکرد، هەمیشە لە هەموو وەختێک زیاتر خۆم ماندوو دەکرد، وامدادەنا هەر تەنیا هەتاوگاز بوویمە. دوایی هەر لەم چۆکە ئازار زێتر بوو. هەنگاوێکم دەنا هەستم بە ئازار دەکرد، هەر دەتگوت بزمارێک بە خواری لە چۆکم دەچەقێ، - کەچی بەردەوام هەر دەرۆیشتم، هەرچەندە ماندووبوونێکی زۆر کە نەمدەتوانی برۆم سواری ئەسپ دەبووم و هەموو جارێ کە دادەبەزیم لە دەست و پێ دەکەوتم.- چۆکم هەر دەئاوساو سابوونەی چۆکم و ناو چۆکم ئەستوور دەبوو، وایلێهات هاتووچۆ کردنم زۆر بەئازار دەبوو، ئازر مێشک و گیانمی دەهەژاند، تا وایلێهات بە شەلەشەل دەبوایە برۆم، بەڵام دەبووایە زۆریش کار بکەم، چونکە کارم زۆربوو ئەوجارە هەڵدەستام، درێژایی قاچم دەبەستەوەو دەمشوشت و دەمشێلا، هیچ سوودی نەبوو. ئەو کاتە بەرەبەرە مگێزی خواردنم نەدەما، خەوم لێ نەدەکەوت. هێزمک لەبەر دەبڕاو کێشم سووک دەبوو. لە دەوروبەری 15ی ئازاردا بڕیارمدا لە جێی خۆم نەجوولێم و سەربەروخوار درێژبم. سەرینێکم لە ناو کتاب و دەفتەرەکان لە پشت پەنجەرەکەم دادەناو دەمتوانی خەڵکی دەوروبەری خانووەکەم ببینم، ناچاربووم بۆ

زۆربەی کارەکانم خەڵک رابسپێرم، هەتا هەر بە پاڵکەوتوویی بمێنمەوە. کەچی رۆژ لە دوای رۆژ ئەستووربوونەکەی چۆکم وەک تۆپێکی لێهات. تەماشام دەکرد سەرە ئێسکێکی ئەم قاچەم لەو قاچەی دیکەم ئەستورتر دیار بوو! سابوونەی چۆکم وایلێهات هەرگیز نەدەجووڵا و لە کێم و خیزاوی ئاوسانەکەی چۆکم نقووم دەبوو، کەوام بینی تۆقیم، پاش چەند رۆژان وەک ئێسکی لێهات؛ پاش هەشت رۆژان قاچم وەک بەرد رەق بوو، جا نەمدەتوانی بێ بەدواخۆکێشان قاچم بۆ هیچ شوێنێک برۆم. قاچ و بەر رانم کەنەفت بوون، چۆکم وەک بەردی لێهات، تا وایلێهات هەموو لەش و گیانم شەکەت و لاواز بوون ئەوسا لە کۆتایی ئازاردا بڕیاری کۆچکردنمدا. لە ماوەی چەند رۆژێکدا بازرگانیەکەم تاوتووکرد، بە دوو قیمەت شانزە کاروانچیم بۆ پانزە رۆژان هەتا زەیلەع بە کرێ گرت، لەبەرئەوەی بەخۆم نەمدەتوانی نە سواری ئەسپ و نە حوشتریش بم داوام کرد کە تێرکەیەکی بە قوماشم بۆ دروست بکەن.

لە دووەم رۆژی سەفەردا کاروانەکەمان مەودایەکی دووری بڕی لە ناو بیابانێکدا باران دایگرتین، شانزە سەعات بە راکشاوی لەبەر ئەو بارانە مامەوە و بێ ئەوەی بتوانم لە شوێن خۆم بجوولێمەوە و نەدەبوو بارەکانیشم لەبەرچاو ون بێ، کاروانچییەکان لە بەرزاییەک بارەکانیان خستبوو، من دەبووایە لە تەنیشت بارەکانەوە بە چنگ زەوی بکۆڵم و دوایێ لەسەر دەستان بچمە ناو ئەم قۆرتە بۆ ئەوەی پێویستییەکانم بەجێبێنم. بۆ بەیانی داهاتوو پۆشاکیان لەسەر لابردم تا دەست بە رۆیشتن بکەین. هیلاک و ماندوو گەیشتمە زەیلەع، تەنیا چوار سەعات پشوومدا، چونکە دەبووایە سواری ئەو کەشتیە بم کە لەسەر رۆیشتن بوو بۆ عەدەن. بە پێخەفەوە فڕێیان دامە سەر کەشتی

بە کاروانچییەکان هەڵیانگرتم!، بە درێژایی سێ رۆژان تامی خواردنم نەزانی لەگەڵ شەپۆلی دەریا سەرم دەسوڕا. دیسان لە عەدەن بە کاروانچییەکان لە کەشتی دایانبەزاندم، لەوێ بۆ تاوتووکردنی حیسابەتەکانمان چەند رۆژێک لەماڵی تیان ی بەرێز مامەوە، پاشان لە خەستەخانەدا دکتۆرە ئینگلیزەکە ئامۆژگاری کردم، کە دەبێ پاش پانزە رۆژی تر بۆ ئەورووپا برۆم.

بڕوای تەواوم هەیە ئەگەر لە رۆژانی یەکەمەوە چارەسەری نەخۆشییەکەم بکردبایە رەنگە نەخۆشییە پەرتەی جومگەم هێورتر ببا و تووشی ئەم وەبندانەوە نەبوومایە، بەڵام من لەو شتانە بێبەری بووم. من لەسەر سووربوونی کارو رۆیشتن هەموو شتێکم بەتەواوی شێواند بۆچی لە قوتابخانە و ئامۆژگاکان کەمێک زانیاریی پزیشکی فێرە خەڵکی ناکەن، هەتا خەڵک کاتێ تووشی نەخۆشییەک دەبن لەم نەزانییە دەرباز بن؟

ئەگەر یەکێک دەربارەی ئەم پێشهاتەم پرسم پێ بکا و دەڵێم: ئەگەر حاڵت گەیشتە ئەم رادەیەی کە من تووشی بووم؛ نەکەی هەرگیز دەرفەت بدەی قاچت ببڕنەوە. با پارچە پارچەت بکەن، تیک تێکت بکەن، وەلێ خۆت تووشی ئازاری قاچ بڕینەوە نەکەی. ئەگەر مردنیش هات باشترە لەوەی ئەندامێکی لەشت نەبێ. زۆر کەسان هەن کاری وادەکەن، ئەگەر من ئەوەم بێتە پێش ئەوە دەیکەم. باشترە لەوەی ساڵێک ئازار بچێژی وەک سێدارە بەسەر سەپاندن وایە کە دەبێ قاچ بڕاوە بی.

دەسکەوتی من ئەوەیە: من رۆنیشتووم، دەم نا دەم بە کوتە کوت سەد هەنگاوێک دەبرم، دوایێ دەکەومەوە. شتێکم بەدەست پێناگیرێ لە وەختی رۆیشتنمدا ناتوانم تەماشای تاکە قاچ و دارشەقەکەم بکەم. سەرو شانم بۆ پێشەوە چەماوەتەوە، لە پیاوێکی کورر دەچم. لەبەرچاوانم شتەکان دەلەرزن، هەمیشە دەترسم لەوەی نەوەک بکەومە سەر زەوی و قاچەکەی دیکەشم بشکێ. کە خەڵک دەمبینێ بە کوت کوت دەخولێمەوە گاڵتەم پێدەکەن. کە دەمەوێ دانیشم دەستم پەشۆکاو شانم لێک دەترازێ و دەم و چاوم دەبەنگ دەنوێنێ، وێجا بێ ئومێدی لە بنراوە لوولم دەداتەوە، بە دانیشتنەوە هەروەک پەککەوتەیەک دەگریێم و چاوەروانی رۆیشتنی شەو دەکەم، کە هەمیشە لەگەڵ خۆی شەوانە بێداریم بۆ دێنێ، سپێدەش لە رۆژانی تر خەمبارترم.. هتد..




## له سوتیرۆوه بۆ رامبۆ

-زەیلەع – 14ی ئابی 1891.

دۆستی هێژام م. – رامبۆ له لاردین.

له 30ی تەمووزدا نامه بەچێژەکەتم بەدەست گەیشت. شادمان بووم که نووسیوته له شارەکەتان لەگەڵ دایکت دەژی (3). تۆ سەروەری، ئەوەیه ئارامی ژیان، من کاتی خۆی که گەڕامەوه شارەکەم دەرکی ئەوەم کرد. هەوڵ بده هەرچی دایکت پێت دەڵێ جێبەجێیان بکە: کەس هێندەی دایک رۆڵەکەی خۆش ناوێ! پیرۆزی دایک شادت دەکا. دەزانم تۆ لەم تەرزه ژیانه رانەهاتووی، بەڵام لەم ژیانه تووشی بەڵا نابی: پێویسته رێگای راست هەڵبژێرین و رێزی دایکمان بگرین که له چاکه بترازێ چی دیکەی له ئێمه ناوێ. ئەوەی مندالی نەبێ نازانێ خۆشەویستی منداڵ چییه. هەوالی شار هەتا ئێستا خراپه: برسێتییەکی زۆر هەیه، له هەڕەر خەڵک له برسان دەمرن.

## ڕوونکردنەوەیەک

***تەروی خان*** ئەو وتارەی کە لە ساڵی 1922 نووسیبوو. ئەو تارەی لە 26ی حوزەیرانی 1943 لە پاریس لەژێر ناوی "شوون هەڵگرتنی نووسراوەکانی رامبۆ" لە بیارئەرنۆ بڵاوی کردەوە، کە بیرەوەرییەکانیەتی لەگەڵ رامبۆ لەو کاتەی کە هاوینی 1891 لە ***روشدا*** لە کەوێڵی دایکی وێکڕا دەژیان، نووسەر دەڵێ لە 1891دا دەمانزانی لە ***وڵاتی گەرمەسێر*** سەروەت و سامانی هەیە و لە ساڵی 1882دا لە ***روش*** پارچە زەوییەکی کڕی بوو... ***دوای ئەوەی لە کەوێڵەکەی دایکی دەژیا*** گوێمان لێ بوو، لەبەر ئازار دەیناڵاند و هەتا نیوەی شەوێ وڕێنەی دەکرد دو گنگڵی دەدا، یاخود داوای هەندێ پارچە مۆسیقای گۆرانییەکانی تایبەت بە منداڵانی دەکرد، بۆئەوەی مێشکی هێور بێتەوە: بۆ دایکی رامبۆ ئاسان نەبوو بەم شێوەیە کوڕەکەی ببینتەوە...

ئەو رۆژەی بۆ سەردان و دانیشتن لەگەڵیان رۆنیشتم.. پۆدرەی لەسەر قاچە دەستکردەکەی دەکردو، زۆری ئازار دەدا... سوپاسی سەردانەکەمی کرد. زۆر خەمگین بوو. پێی گوتم ناتوانم هەرگیز بڕۆم؛ کەواتە ژیانم کۆتایی هات... بێئەوەی قسەیەکی تر بکا دوور دەیڕوانی، وەک ئەوەی من لەلای نەمابم و ئەوا جێمهێشتبێ. شوێنمان:- لەژێر درەختێک دانیشتبووین ...

## لە ئیزابێل رامبۆوە بۆ دایکی

مارسێی – 3ی تشرینی یەکەمی 1891 –

دایەی شیرینم،

.... بە نووسینی نامەکانت دڵنەوازم دەکەی، هەر شتێکم بۆ بنووسی ئاسوودەم دەکا. ئەگەر بە خۆت ناتوانی نامە بنووسی، یەکێک راسپێرە بۆت بنووسێ. لە ئاکامی ئەم نیگەرانییەی کە تووشم بووە ژیانم لێ تاڵ بووە و هەمیشە نەخۆش و پلەی گەرمای لەشم بەرز دەبێتەوە... ئاە! بریا دەکرا یەکسەر بگەڕێمەوە لات! هەرگیز، ئەگەر لە نەخۆشییەکەی دڵنیا نەبم، دڵم بەرایی نادا ەم کەنەفت و بێ چارییە بەجێبێڵم، کە شەو و رۆژ بێبڕانەوە هاواری مەرگ دەکاو هەڕەشەم لێ دەکا کە ئەگەر بەجێی بێڵم خۆی دەکوژێ و بەهەر رێگایەک بێت خۆی مەحف بکاتەوە، بەجۆرێک دیارە کە من بڕوام هەیە ئەگەر وابکەم ئەم کارە جێبەجێ دەکا! هەردێ هێزی کەم دەبێتەوە؛ هەوڵدەدرێ بە رێگای کارەبا چارەسەری بکەن: ئەوەش دوا رێگای چارەسەریەتی.



## تێبینییەکانی ئیزابێل رامبۆ



یەک شەممە – 4 ی تشرینی یەکەمی 1891 -

سەعات حەوتی ئێوارە چوومە ژووری ئارتۆر. بە چاو کراوەییەوە نووستبوو، هەناسەی پچڕ پچڕی دەکێشا، زۆر لاواز دیاربوو رەنگ تەڵخ و بازنەیەکی رەش چاوە قۆپاوەکانی تەنیبوو. یەکسەر لە خەو رانەبوو؛ لەخەودا بوو دەمڕوانیٰ و بەخۆم دەگوت ئەم رەنگ و رووە کە مەحاڵە ماوەیەکی درێژ بژی، نەخۆشییەکەی گران دیاربوو! وەک ئاکاری جارانی، بە گومانەوە لە خەو رابوو، چونکە شەوانە خەوی نییە و گیان بە ئازارە، هەروا کاتی لە خەو هەستانیشی ئازار دەچێژێ .

گوتی بەیانیت باش هەروەک رۆژانە بەوە راهاتبوو...

- هەموو رۆژێ دەست دەکا بە گێڕانەوەی حیکایەتی سەیروسەمەرە، خەیاڵچنییەکەی وا دەنوێنێ کە ئەم رووداوانە هەموویان لە کاتی شەودا لە نەخۆشخانە روویاندابێ؛ ئەوانەی لە وڕێنەکانی لە یاد بێ دەیگێڕێتەوە؛ هێندە سەرسەختیشە دەبێ هەموو سپێدەیەک، وەیا لە رۆژێکدا جارێک زیاتر خەیاڵەکانی بگێڕێتەوە، هەمان چیرۆکە و لەسەری سوور دەبێ، تەنگاو دەبێ لەوەی کە من بڕوای پێناکەم... گوێی بۆ شل دەکەم، هەوڵدەدەم لە یادی بچوێنم؛ بە کرداری نابەجێ و تۆمەتی سەیر، سستەر و بگرە هەتا راهیبەکانیش تۆمەتبار دەکا؛ پێی دەڵێم رەنگە تۆ خەونت بەو شتانەوە دیبێ، وەلێ لەسەر ئەو شتانەی

باسیان دەکا کێل نابێتەوە و بەکەمزان و گەمژەم لە قەڵەم دەدا. هەڵدەستم پێخەوەکەی ڕێک دەخەمەوە، بەڵام هەشت ڕۆژە رازی نابێ لەسەر جێگای بێتە خوارێ: چونکە کاتێ هەڵیدەگرم و لەسەر کورسییەکەی دایدەنێم زۆر ئازار دەچێژێ، بۆیە ئەو هەر لەسەر جێگایە و من جێگەی بۆ تاوتو دەکەم و بە خۆشی لۆچەکان و سەرینەکەی لە کاتی ئەم کارانەدا ڕێک دەکاتەوە، جێگەکەی بێ چەرچەفە، چونکە لەبەر گینگڵدانە زۆرەکانی و لە تاو ئازارا هەرچی لەژێری هەبێ پەرت و بڵاوی دەکاتەوە. نیوە قاچەکەشی دەبێ هەمیشە زۆر بەرزبێ یان زۆر نزم؛ دەبێ ڕانی ڕاستی وشکەوەبووی لەسەر لۆکەی پەڕەکراو درێژ بکرێ، کە هەروادێ ئیفلیجی زیاتر دەبێ...

دەفرێکی شیری بۆ دێنم، یەکسەر دەیخواتەوە، بە خەیاڵی ئەوەی هێزی گرتنی زیاد دەبێ و میزی پێ زیاد دەکا؛ وابزانم ئیفلیجی، ئەندامەکانی ژێرەوەشی گرتۆتەوە؛ من دەترسم، هەروا ئەویش دەترسێ، لەوەی نەکا ئیفلیجی بەمجۆرە بەرە بەرە هەتا دڵیشی بتەنێتەوە، ئەو کاتە مەرگ دەستی لە ئەوکی دەنێ؛ قاچی چەپی هەمیشە سارد و تەزیوە، ئازار بەجێی ناهێڵێ. چاوی چەپی مەیلەو نوقاوە، چاوەکەی دیکەشی کزەلۆک دیارە. هەندێ جار کە دڵەکوتە دەیگرێ هەر ئەوەتا ناخنکێ. کە لە خەو ڕادەبێ دەڵێ هەست دەکەم ئاگر لە ناو سەرو دڵمدا دەجمێ، بۆیە حەب و دەرمانی سینگ و پشتی هەردەم لەلای چەپی نابڕێ..

دەبێ بەدرێژایی ڕۆژێ چاوم لێی ون نەبێ لە ترسی ئەوەی نەوەک کەتنێک بکا. هەموو دەمێ بیری سەفەرکردن و بەجێهێشتنی مارسێی

لەسەردایە، دەڵێ دەڕۆمە کەژە گەرمەکانی وەک جەزایر و عەدەن، یاخود بوک. وایلێهاتووە بێی من ناحەوێتەوە، هەربۆیە لێرە مایتەوە، چونکە بڕوا ناکەم کە من لە کۆچە دوورەکاندا هاوکات لەگەڵیدا دەبم...

لەو شتانە دەفکرم و دەبینم و دەیاننووسم، کە خەوەکەی هەرگیز لە خەو ناچێ بەڵکو گیان داهێزرانە خەواڵووی دەکا.

هەمیشە کاتێ لە خەو هەڵدەستێ لە پەنجەرەوە تەماشای هەتاوی زێڕین و ئاسمانی ساماڵ دەکا، دەست دەکا بە گریان و دەڵێ من هەرگیز لە دەرەوە هەتاو نابینم. من لەژێر زەویدا دەڕۆم، تۆش لەسەر هەتاو دەڕۆی!

ئا بەم شێوەیە لە رەشبینی و نائومێدییەکی بێناو، لە سکاڵایەکی هەمیشە نەوەستاودا، رۆژەکانی دەگوزەرێ.

.



**لە ئیزابێل رامبۆوە بۆ دایکی**

مارسێی – چوارشەممە 28ی تشرینی 1891–

دایەی ئازیزم،

هەزار جار درود بۆ خودێ! رۆژی یەک شەممە لە ژیانمدا خۆشترین ئاسوودەیم دەبێ. کەوا براڵەکەم هەتا هەتایێ کەنەفت و بێکەس نامێنێتەوە چونکە لە نزیک خۆم دەمرێ. بەڵکو تا ئەبەد نمونەی پیاوێکی سەر راست، بە شەهیدێکی نەمر ناوی دەمێنێتەوە! هەفتەی رابردوو چاودێرەکان دوو جاران سەریاندا؛ بەشەرم و نیانەوە پێشوازییەکی ئەوتۆی کردن، بەجۆرێک چاودێرەکان توانایان نەما باسی مەرگی بۆ بکەن. ئێوارەی شەممە راهیبەکان نوێژیان لەسەر کرد، بۆئەوەی بزانێ کە مردووویەکی داوێن پاکە. بەیانی رۆژی یەک شەممە زۆر هێمن ببوو؛ یەکێک لە چاودێرانی هاتەوە لای داوای دان پیانانی لێکرد؛ ئەویش رەزامەندی دەربڕی! کە چاودێرەکە هاتە دەرێ

به پەشۆکاوی دەیڕوانی و وتی: ***ئەی کچەکەم، براکەت ئیمانداره، کەواته تۆ چیمان پێ دەڵێی؟*** منیش وتم ***دەمزانی هەمیشه ئیمانداره.*** ئێستا من شادمانم کەوا هەست دەکەم بەختەوەری دنیا هی ئەوە، وتم گەورەم، من له شەڕەنگێزەکانی دەترسام، ملوانکەی خاچەکەتی له مل دەکەمەوە، جارێکی تر پەرۆشی دەکەمەوە، ئەی براڵەکەم تۆ بەسۆزی، تۆ هەمیشه سۆزمەندبووی. من پاش ڕۆیشتنی چاودێرەکه گەڕامەوه لای، دیتم زۆر دڵگیر بوو، بەڵام بێئەوەی بگریێ؛ خەمبارێکی روون دیاربوو، که پێشتر قەت وام نەدیبوو، پێی گوتم: ***ئێمه زۆر لەیەک دەچین؛ ئەرێ تۆ ئیمانداری، ئایا بڕوات به خوا هەیە؟*** وەڵامم دایەوه و ***گوتم بەڵێ من ئیمانم هەیە، ئەوانی تریش ئیمانیان هێنا و ئێستا من بەڵگەم لەسەر ئەوە هەیە.***

بەڵێ هێشتا به چاوەکانی سەیری من و ئاسمانی دەکرد، منیش وەکوو ئەو ویستی ماچم بکا و گوتی مادام ئێمه یەک خوێن و ئیمانداریـن، دەکرێ یەک گیانمان هەبێ؟ دەوەڵامدا گوتم: بەڵێ من ئیماندارم، دەبێ به ئیمان بین. – ئەو کات گوتی: کەواته پێویسته هەموو شتەکانی ژوورەکەم رێکبخەین، چونکه مەلائیکەتەکه بەدوا نهێنیەوه دێتەوه. ئەمه سروتێکی ئاینی مەسیحییه بەر له مردن. دواجار گوتی دەزانی مۆم و بخوور لەگەڵ خۆیان دێنن؛ دەبێ هەموو شوێنێ به سپی داپۆشین. کەواته من زۆر نەخۆشم! هەروەک دوا ڕۆژانی ژیانی، نیگەران بوو، بێئەوەی کڵۆڵی بنوێنێ.

بەر لەوەی مەرگ بیفڕێنێ، هاواری مەسیحی دەکرد و نوێژی دەکرد، بەڵێ رامبۆ نوێژی دەکرد! لەو ماوەیەدا هەر تفی دەکردە سەر زەوی

تا شتێکی لە دەمدا نەمێنێ؛ بەقەست بسمیلیان نەکرد ئەو وایدەزانی کە ئەوەم لەیاد چووە، لەوە دڵگیر بوو، بێئەوەی قسەش بکا.

مەرگ هەنگاوانی داوێ. دایکی ئەزیزم لە دوا نامەدا پێم راگەیاندی، کەوا نیوە قاچەکەی زۆر ئەستوور بووە. ئێستا بۆتە پەتایەکی قەبە لە نێوان ورگ و سکیدا، تەواو سەر ئێسکی گرتووە: بەڵام ئەم نیوە قاچەی چیتر نایەشێ. ئارتۆر پەتای وای نەدیووە: لە هاتنی ئەم هەموو خەڵکە بۆ دیتنی نیوە قاچەکەی دەتاسێ، کە ئەو هەر هەستی بە بوونیشی ناکا، هەموو دکتۆرەکان لە بەرامبەر ئەم پەتایە غەریبە تۆقیون و سەریان سوڕماوە. دوای ئەوەی باسی ئەم پەتایەم کرد دە دکتۆری تازە هاتن بۆ دیتنی ئەم دەردە کوشندەیە. وەک مەیتێک راکشاوە و دەنگەکانی هەموو لەشی دەبیسین، شەوانە دەرزی مۆرفینی لێ دەدەن.

رامبۆ هێشتا بە ئاگایە و بە چەشنە خەونێکی بەردەوام، کۆتایی بە ژیانی دێنێ: بە دەنگێکی ئەفسوناوی و دڵهەژێن، لەمەڕ چەند مەسەلەیەکی سەیر دەئاخڤێ. چیرۆکەکانی دەگێڕێتەوە، - بەڵام لە کاتی تا هاتندا قسەکانی جیاوازن. هەروەک بەمەبەستەوە ئەوەبکا.

کاتێ بە منگەمنگ لەبەرخۆ دەئاخڤێ، راهیبەکە بە دەنگێکی نزم گوتی: ***دیسان بوورایەوە؟***، بەڵام گوێی لە دەنگی بوو سوورهەڵگەڕا، دوای ئەمە نوقەی لێوە نەهات، کە راهیبەکە رۆیشت، پێی گوتم: وا دەزانن من شێتم ها، تۆش وا دەزانی.. نا هەرگیز، نا، رامبۆ لە کائینێکی ماددی ناچێ، بێئەوەی خۆی بیەوێ بیرەکانی لە خۆیدا دەئاخڤن.

هەندێ جار کە دکتۆرەکان دەبینن، شتی سەیر باس دەکاو لێی دەپرسن، ئەو بە رێک و پێکی و جوان و، بە دەربڕینێکی ئەوتۆ کە من مەحاڵە بتوانم بیگێڕمەو، تێروانینەکانی خۆی بۆیان راڤە دەکا، دکتۆرەکان سەیری چاوە جوانەکانی دەکەن، ئەو دوو چاوە جوانەو زیرەکانەی کە بەر لەو نەمدیبوونو نایبینمەوە، وێجا دکتۆرەکان لەنێوان خۆیان دەڵێن: ***بەراستی وێنەی ئەم تەرزە مرۆیە دەگمەنە .***

لێرەدا شتێک لە حاڵەتی ئارتۆردا هەیە، هەرگیز نەیانتوانی تێیبگەن.

دکتۆرەکان چیتر سەردانیان نەکردەوە، چونکو کاتێ دەهاتن ئەو بەگریانەوە لەگەڵیان دەدوا، ئەمەش ئەوانی تەواو دڕدۆنگ کردبوو .

ناوی لە هەموویان نابوو، بە منی دەگوت – ***جامی*** * - دەمزانی ئەوەم پێ دەڵێ هەتا هەڵگرتنەی زامن بکەم، سەرباری ئەوەش ئەو هەموو شتێکی تێکەڵ و پێکەڵ دەکرد، وەلێ... بە هونەرانە؛ ئێمە لە ***هەرەردا*** هەمیشە بەرەو ***عەدەن*** دەچین، دەبێ وشترەکان بەسەر بکەینەوە، کاروانەکە رێکبخەین، بە قاچە جومگەدارەکانی بە ئاسایی دەڕوا:- لەسەر پشتی ئێستره جوان و زینکراوەکان بە گۆرانی دەگەڕێین. پاش ئەو شتانە دەبێ کاربکەین و دەفتەرەکان بە دەست بگرین و نامە بنووسین. خێرابە، خێرابە ئەوان چاوەڕێمانن با جانتاکان داخەین و بڕۆین. بۆچی بە نووستوویی جێیان هێڵا. بۆ لە جل لەبەرکردندا یارمەتی نەدەم؟ ئەگەر لە رۆژی دیاریکراودا نەگەیشتین چیمان پێ دەڵێن؟ دوای ئەوە بڕوا بە قسەی ناکەن! پاشان لەبەر خراپی مامەڵەم و نەلاواندنەوەی دەست بە گریان دەکا: چونکە من هێشتا لەلایمە، من بۆ تەواوی کارەکانی ئەو راسپێردراوم.

لەمەڕ نامەکەت و مەسەلەی ئارتۆر، دەبێ بزانی سەروەت و سامانی دەگەڕێتەوە بۆ کەسانی دیکە. پاش جێبەجێکردنی مایەی شاردنەوە و شتەکانی دی.... هەوڵ دەدەم هەموو نیازەکانی دابین بکەم، هەتا ئەگەر بە تەنیاش بم، من لەبەر تەماحی سامانەکەی ئەوانەی بۆ ناکەم، بەڵکو چونکە برامە و نەمویست لێگەڕێم بەتەنێ بمرێ، کە دیتم هەموو خەڵک بەجێیانهێشت، هەتا دوای مردنیش دڵسۆزی دەبم، هەروەک پێشانیش وابووم، ئەو داخوازیانەی کە بە منی گوتووە هەموویان رادەپەڕێنم.

خوا ئاوڕمان لێ بداتەوە: ئێمە پێویستمان بە کۆمەکی خواوەند هەیە.

## لە رامبۆوە بۆ

## بەڕێوەبەری هاتووچۆی دەریایی

مارسێی – 9ی تشرینی دووەمی 1891-

بەرێوەبەری بەرێز،

بۆ ئاگادار کردنەوەی ئەوە کە ئەگەر حیسابێکم لەلات ماوە، ئەم نامەیەت بۆ دەنێرم، ئێستا نیازم وایە لەم کۆچەی کردوومە کە نازانم ناویشی چییە بگەڕێمەوە، لێرە بۆ هەر کوێت بویَ دەتوانی بڕۆی، هەر شەل و ئیفلیجێکی وەک من کە ناتوانیَ بۆ هیچ لایەک بڕوات، لە هەر سەگێکی شەقام بپرسی راستی ئەم بێدەسەڵاتییەی منت بۆ دووپات دەکاتەوە .

نرخی سەفەرکردنی *سوێسم* بە *ئەفیناس*دا بۆ بنێرە. من ئیفلیجێکی تەواوم:- کەوایە، حەز دەکەم لە نزیکترین کاتدا سواری کەشتی بم. دەپێم بڵیَ کام سەعاتە بە کەشتی دەمگوازنەوە. ***نامەکە تەواو نییە!***

_11-ی تشرینی دووەمی 1891- ***لیلیتیە*** لە ژمارەی (17)ی تشرینی دووەمی 1891ی رۆژنامەی ***سەدای پاریس***دا سەبارەت بە کۆچی دوایی رامبۆ ئێژیَ:* ژیانی رامبۆ وەک نەوای شیعرەکانی سرک و بیَ ئۆقرە بوو. هزر و بیرەکانیشی هەروەک رۆژانی رەش و تاڵی پەشۆکا وو شلۆق بوون. هاوچەرخێکی جارِسکار و لە توانا بەدەر بوو. لە نزیکەوە ئاشنابووین. دوور لە هەموو نەریت و ئەتەکێت لەسەر مێزی چێشتخواردن، خواردنی لرف دەکرد. لە هەموو سەعاتی دیدارەکاندا بە

زمانێکی پیس و جوێناوی فشەکاری قسەی دانیشتوانی دەبڕی، پاشان بە زمانێکی شڕی جوێن ئامێز دەئاخڤی و لە دژی هەموو راو بۆچوونی ئامادەبووان هەڵدەکالا. ئەوانەی دەروون نزم و گەمبۆز بون، بوونی لە نێوانیاندا مایەی شڵەژاوی و ئاژاوە بوو، بۆیە هەمیشە لێی دەترسان و دەسڵەمینەوە، هەرکە یەکجار دەیبینی وێنەی منداڵی ***ترویمانت*** دێتە یاد، نەک وێنەی شەکسپیر لە گونددا. بەر لە بیست ساڵ ئەستێرە بورجییەکەمان خوێندەوە، بەگومانەوە گوتمان، کە رەنگبێ لەژێر ***مەقسەلە*** کۆتایی بە ژیان بێنێ، بەلام لە بەرامبەر ئەوە دڵنیا بووین، رۆژێک بۆ سەرفرازی سەری دەهاوێژتە ناو سەبەتەی بۆگەن و کۆتایی بە خۆی دێنێ!

**لە ئیزابێل رامبۆوە**

**بۆ باوکە قەشە ((پاترن)) پیریشون**

روش – 21ی تەمووزی 1896-

... لەم دوایەدا، ***واتە کەمێک پێش ئەوەی رامبۆ بمرێ***، نازانم چۆن وا پێشهات، دوور لە هەر هاندانێکی من، رامبۆ هەستی دەکرد کە بێجگە لەو کەسانەی کە شیعر و پەخشانەکانیان خۆشدەوێ، کەسی دیکە نایناسێ. هەموو ئەو ئەو پێشنیاز و نامە و پیاهەڵدانە سۆز بزوێن و ورژێندرانەی بۆ دەهاتن، کەچی ئەو هەرگیز وەڵامی نەدەدانەوە و بەلای دەنان. ئاگام لێبوو کاتێ هەندێ لە شیعرەکانیان بۆ چاپکردبوو زۆر دڵگیر و نارەحەت بوو.



**لە ئیزابێل رامبۆوە بۆ باوکە قەشە**

((**پاترن**)) **پیریشون**

روش – 2ی ئابی 1896- .... دەترسم ئەگەر دوا ئاخاوتنەکەیت بۆ بگێڕمەوە، رەنگبێ مەزەندەی ئەوە بکەی کە من ***وەک دڵپیسی رەوشتە باوەکان*** ئەم قسانەم هەڵبەستاوە. بەهەرحاڵ، ناتوانم ئەم دەستەواژانە وەکو خۆیان هەڵچنمەوە، یاخود نامەوێ وابکەم، سەرەڕای ئەوەش بۆ من سەیر نەبوون، چونکو دەمزانی ئەو هەستانە لە ناخی بێگەردی و دڵە پاکەکەیدا هەڵدەقووڵان؛ من وەکو ئەو توانای پەیڤچنیم نییە، ناتوانم ئەو دەستەواژە فریشتە ئاسا و دارِشتنە رۆح ئامێزانەی کە بێ ئومێدییەکەی تیا تەنیوبوون و مەرگیش سەرەتاتکێی لەگەڵ ژیانی دەکرد بۆ تۆی بگێڕمەوە. بەڵام یەک هوتافی هەمیشە دووبارە دەکردەوە ئەوەبوو: خودێ! خودێ بە رەحمە! "***بەپێی دەستنووسە فەرەنسییەکەش هەر خودی رامبۆ، بە عارەبی گووتویەتی الله کریم!***" ئای لەم دوو وشەیەدا هزرگەلێک دەبینم.

**لە ئیزابێل رامبۆوە**

**بۆ باوکە قەشە "پاترن" پیریشون**

روش -12ی تشرینی یەکەمی 1896-

... لە هەندێ کاتدا وەک پێغەمبەرێک دەهاتە بەرچاو، شتی سەیری بە گوێدا دەهات. بیری ئەفسوناوی دایدەگرت، بێئەوەی لە هۆش خۆچووبێ (من لەوە دڵنیام): دوو ستوونی عاشقبووی دەبینی، فریشتەی لە قورقوشم و دار دروستکراو کێڵگە و چەندان دیمەنی جوانی بێ وێنەی دەهاتە بەرچاو، دەستەواژە و وەسفی سەیر و سەرسوڕمانکاری بۆ ئەو هەست و خوستانەی خۆی بەکاردەهێنا.

چەند هەفتە دوای مردنی، بۆ یەکەمین جار بوو دیوانی ***رۆژهەڵاتنامە* – *ILLUMINATION*** م خوێندەوە حەپەسان و هەڵچوون و تەزوو گیانی داگرتم.

ئەوسا لە وێکچوون و دەروونی وەسفەکانی نزیک بوومەوە، کە گەلێ سەرنج کێشن. میان هارمۆنی خەون و ئەو هەستانەی کە ئۆقرەیان لێ بڕیبوو، نووسەر، ***واتە رامبۆ*** لە ***ILLUMINATION*** دا پێشبینی سروشتی دوا رۆژەکانی ژیانی کردووە، بەجۆرە هەستێکی زۆر ناسک و بە نەستێکی قووڵی ئایینی ئەو دیوانەی نووسیوە.

بەمەزەندەی من شیعر بەشێک بوو لە سروشت و ئاکاری رامبۆ، حەز و مەبەستی شیعر، لە تەواوی ماوەکانی ژیان و هەتا مردنیشی، لێی جودا نەبۆوە...

## لە دایکی رامبۆوە بۆ ئیزابێلی کچی

شارلڤیل – 9ی حوزەیرانی 1899.

... دوێنێ بە کۆستترین رۆژی ژیانم بوو، زۆر رۆندکم لە چاوان چۆڕا، لە دوای ئەم رۆندکانە هەستم بە شادییەکی فرە کرد، مەهانەیەکم بۆ ئەمە پێ نەدۆزرایەوە. هەر دوێنێ گەیشتمە سەر تەرمی پیرۆزیی و هێشتا پشتم لە نوێژان راست نەکردۆتەوە، بێئەوەی زاتە جوانەکەم ببینم، هەر تەنیا دوو دارشەقەکەم کەوتە بەرچاوان، هەر دەتگوت دارشەقەکانی ئارتۆری زەبوونە، لە داخان رووم لێیان وەرچەرخاند.

دڵ بە کۆست دەمێنمەوە: ئارتۆر بەهەمان بەژن و باڵایەوە دەبینم، بەهەمان روخساری سپیلکە و داماوی و بەبێ ریشی و بەسمێڵێکی خنج و بە تاکە قاچێک ئەم کوریژگەیە بە ناسکی و هێوریی دەیڕوانمێ. هەرچەند هەوڵمدا فرمێسکەکانم پێ نەوەستان، هەڵبەت ئەوە فرمێسکی ژانە، نەمدەزانی چ لێکدانەوەیەک بۆ ئەو خەمە بدۆزمەوە، مەزەندەم دەکرد کە ئەوە ئارتۆری کوڕە خۆشەویستەکەمە لە تەنیشتمەوە وەستاوە. هەروا لەوەش زیاتر ئەوەبوو: مردوو شۆرەکە بە جلە تایبەتییەکەی خۆیەوە لێم نزیک دەبۆوە و بە خەندەوە دەیگوت: ***وەرە نزیک بەوە باشترین شوێن ئێرەیە***. وەڵامدایەوە و گوتم: ***سوپاس لێرە لێمگەڕێ، من لێرە شادم.*** مردوو شۆرەکە لەسەر ئەوە هەر سوور بوو بچمە لای، دڵسۆز دیاربوو، ئایەتەکانی باش دەخوێندەوە. ئای خودێ دەبێ ئەوە ئارتۆر بێ و هاتووە لێم دەگەڕێ؟

من ئامادەم...

**لە دایکی رامبۆوە بۆ ئیزابێلی کچی**

شارلڤیل – 24ی ئاداری 1900.

...دوێنێ سەعات پێنجی ئێوارە ئارتۆری زەبوونیان لە گۆڕ دەرهێنایەوە؛ تابووتەکەی وەکو جاران بێ شوخت بوو، روخساری لەبەر خشانی بە زەویدا، تۆزێک رەش هەڵگەڕابوو، خاچە زێڕە جوانەکەی هەر دەتگوت تازە لەسەر تابووتەکە چەسپ کراوە؛ پارچە مەعدەنەکەی کە ناویان لەسەر نووسیبوو لەوە دەچوو تازە نووسرا بێ، کرێکارو ئەو کەسانەی بۆ زیارەتی ئەم گۆڕستانە هاتبوون، لە نێژتنی جوانی گۆڕەکەی سەریان سووڕمابوو.

## لە مۆریس رییزەوە بۆ ئەمیل دیشان

15ی ئازاری 1929

... دەرهەق بە رابردووی وەک شاعیر مافی قسەکردنم نییە، بەڵام بە هەموو بڕوامەوە دەڵێم، ***بازرگانێکی بەجۆش*** و مرۆیەکی زەین تیژو خاوەن زەوقێکی ورد و دیقەت تیژ بوو، کاتێ برایانە دەگەڵ یەکدی دەئاخڤین و باسەکانمان دەگەیشتە سەر راستگۆیی و هی دڵی، هەمیشە شانازی بە خۆی دەکرد. ئەو شتانەی کە لە دوای خۆی بە جێیهێشتبوون، بە کردەوەی سەرچڵی هەرزەکارانە ناوی نەدەبردن و *نەفرەتی لە رابردوو دەکرد.*

## پەراوێز

-1ئەم نامەیە زانیارییەکی سەرەتایی، لەمەڕ نەخۆشییەکەی رامبۆی خستە بەرچاو، کە پاش شەش مانگان دوای نەخۆشیەکە دەمرێ. رای جیاجیا هەیە لەسەر نەخۆشییەکەی! هەندێک دەڵێن لەسەر ئەسپ دەگلێ و چۆکی بریندار دەبێ، ئەم رایە ***دیمتری ریگا*** ناوێک، نزیکی شاری ***هەرەر*** باسی کردووە؛ هەندێکی تر دەڵێن، لە ئاکامی کۆچی زۆرو سوار سوارێنێی شێتانەکانی ئەسپدا، جارێک بە درەختێک دەکەوێ و هەڵدەدێرێ، بەڵام ***فەرباردی*** هۆی نەخۆشییەکەی بۆ نەخۆشی زوهری دەباتەوە، ئەم برِو او مەزەندانە لە یەک ناکۆک نین، بەڵام دەبێ ئێمە سەرەڕای ئەو زانیارییانەش ***فینالی***: کە خوشکی بچوکی رامبۆیە لە یاد نەکەین، کە لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا بەهۆی نەخۆشی چۆک کۆچی دوایی کرد. هەروا خودی رامبۆیش هەر لە ساڵانی 1876 و 1887دا بە نەخۆشی رۆماتیزمی، دەست و قاچەکانی زۆر تلایەوە.

-2 رامبۆ رۆژی چوارشەممە 20ی ئایاری 1891 دەگاتە ***مارسێی***، پاش ئەوەی لە ***عەدەن*** تەندروستی خراپ ببوو، سامانێکی باشی هەبوو، پۆریری کاتبی فەرەنسی، پوولەکەی رامبۆی بە پارەی ئەمرۆی فەرەنسی گۆڕیەوە، لە خۆی رادیبوو بڵێ رامبۆ لە سەردەمایێ نزیکەی ملیۆن فەرەنکی ئەمرۆی فەرەنسی هەبووە. دەبوایە رامبۆ یەکێک بێ لە دەوڵەمەندترین شاعیرانی ئەو سەردەم. ئەدی وانییە؟ "بۆ زیاتر دڵنیابوون کتابی ناوبراو بەناوی - ***رامبۆی بازرگان*** لاپەڕە 313 بخوێنەوە کە لە ***لاشینال رۆیتەر*** – پاریس لە ساڵی 1985 چاپکراوە."

3- لە 23ی تەمووزدا رامبۆ لە (*روش*) بۆ حەسانەوە لەگەڵ دایکی دەژی، بەڵام ئەوێش دادی ناداو تەندروستی خراپتر دەبێ؛ قاچی چەپیشی دەست بە ژان دەکا، چونکە ***هاوینەکەی لاردین*** شێدار بوو. لە نوژهەنەوە بەخۆی و ئیزابێلەوە بە رێگای پاریسەوە دەگەڕێنەوە مارسێی.

4- لە 23ی ئایارەوە تا 8ی حوزەیران، دایکی رامبۆ لەلای کوڕەکەی، واتە رامبۆ دەمێنێتەوە کە ***لە 27ی ئایار نەشتەرگەری دوورینەوەی رامبۆیان کرد.*** پاشان دایکی رامبۆ لەبەر نیگەرانی تەندروستی ئیزابێلی کچی بۆ *روش* گەڕایەوە.

*چەند یاداشتنامەیەکە رامبۆ لەو کۆچە درێژە نووسیویەتی: کە بە 12 رۆژان 300 کیلۆمەتری نێوان ***هەرەر و زەیلەع لە داخی نەخۆشییەکەی دەبڕێ.*** لە بارزگانێک لە هەرەر کە برادەری رامبۆ بووە لەوێ لە رۆژهەڵاتی ئەفریقای ئەم زانیاریانەی باسکردووە.

*ئەو تێبینیانە ئیزابێل بۆ دایکی ناردوون.

* ژنێکە کە لە هەرەر خزمەتکار بووە، لە سەفەری قاهیرەدا لەگەڵ رامبۆ بووە.

* ***سەفەر هەمیشە سەفەر***، کە رامبۆ دوو رۆژ بەر لە مردنی بە دەستی خۆی لەسەر ئیزابێلی خوشکی نووسیوە.

* ئەم ناوە نازناوی ***پیار دیڤۆری*** نووسەری فەرەنسییە، کە کتێبێکی لەسەر رامبۆ نووسیوە، ئیزابێل خوشکی رامبۆ چەندان بەڵگە و مەسەلە و زانیاری باوەڕپێکراوی، کە پەیوەندی نزیکی بە رامبۆوە هەبووە بۆ ئامادەکردووە و کتێبەکەی پێ دەوڵەمەند کردووە، لای هەردووکیان ئەو ئاشنایەتییەی نێوانیان بە قۆناغی هاوسەرێتی دەگات.

## ئازادی ئازاد (*)

نووسینی: **ئالان ژۆڤروا**

رامبۆ لە تەمەنی شانزە ساڵیدا لە یەک لە نامەکانیدا کە بۆ مامۆستاکەی ئیزامار ناردوویەتی، ئەم دەربڕینەی "ئازادی ئازاد" ئەفراندووە. پاشان رامبۆ هەرگیز ئەم دەربڕینەی بەکارنەهێناوە. رەنگە ئەم دەربڕینە دەربڕینێکی ورووژێنەرانە بووبێ. گەلۆ دەبێ رامبۆ چ شوورەییەکی لە مامۆستاکەی گرتبێ؟ لە راستییدا ئەمەی دواوە هیچ شتێکی نەدەکرد، لە خۆڕا نەبوو کە ئەو بە هەڵچوونەوە هوتافی کۆماریی، دیموکراسی، مرۆڤایەتیانەی دەدا، بێ ئەوەی درێژە بەهیچ پوختەکردنەوەیەکی بدات. لەو ساتەی کە لەوێدا کرێکاران لە سێدارە دەدران. ئەوەمان لە زەیین ناچێتەوە کە لەمێژنەبوو سەردانی ***کۆمۆنەی پاریسی*** کردبوو، بۆ ماوەیەکی کەمیش لەگەڵ شۆڕشگێراندا مایەوە. بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ ئەوی لەکەدار کردبێ، هەروەک هەندێک ئەوە دەکەن. بەڵێ واتا، کرێکاران لە سێدارە دەدران یان لەلایەن لایەنگرانی فرسای ((دەست و پێوەندی پاشایەتی)) هەڕەشەی لە سێدارەدانیان لێدەکرا.

رامبۆ بەوە مامۆستاکەی خەوشدار دەکرد کە هیچ شتێک ناکا، هەر پێگەی مەنزڵگە کۆمەڵایەتییەکەشی دەپارێزێ. ***ئێمە بە بوونمان کۆمەڵ ریسوا دەکەین، ئەی وانییە؟*** رامبۆ گاڵتەجاڕانە وای بە مامۆستاکەی دەگوت و درێژەی بە قسەکانی دەدا، منیش وەک تۆ بە بوونم کۆمەڵ ریسوا دەکەم، بەڵام نەک وەکو تۆ. تۆ شتێک ناکەی، کەچی من شتێک دەکەم. هەڵبەت ئەوە شتێکی رەمەکییە، وشەی

***هەرزەکار*** بەرتەکدانەوەی هەموو شتێکە، خاوخێزان، کاسۆلیکییەت، کەڵچەری نەتەوەیی، نیشتمانپەروەری فەرەنسی، یان ئەوەی کە بە Partouillotismeناودێر دەکرێ، کە "***هاوردە***"کەی نیشتمانپەروەری دەگەیەنێ، Trouilleکە خاسڵەتی ترس و تۆقینە. رامبۆ دەیویست بەم دەربڕینە، باشتر بڵێین وتنەوە، لە ڕێگەی مامۆستاکەیەوە ریسواکاری بکا. ئەو وایدەبینی کە ئەوە ترسنۆکی ئەو هزرە رەوشتایەتی و مرۆڤایەتیا نەیە کە سیمای هەرزانی بەخۆوە دەگرن، کەچی بۆ پراکتیک کردنیان ئامرازێک بەرچاو ناکەوێ، بۆ خاوەنەکانیشیان نابێتە ئاکامێکی خراپ.

بۆیە هەر لەو کاتەی کە رامبۆ یەکەمجار بۆ پاریس هەڵات، ئیزامبار بۆ کڕینی بلیتی شەمەندەفەرەکەی خۆی دەستەپاچە دەبینی، ئەوەبوو رامبۆ لە ئاکامدا زیندانی کرا، بەشێوەی ***فەرماندان*** بۆ مامۆستاکەی نووسی، کە دەبێ نرخی بلیتەکەی بۆ بدا. ئەو کارە وای لە ئیزامبار کرد لە قوتابییەکەی هەست بە ترس بکا و بەتەواویش ئەوە دەرک بکا کە بە وریاکردنەوە هانیبدا، یانیش زاڵ بێ بەسەریدا. ***ئازادی ئازاد*** بۆ خۆی داخوازییەکی دووانەییە. ئازادییەکی یەکسانە بۆ ئازادی مامۆستایەکەی، هەروا ئازادی خودی خۆشی، دروستکەری ئازادیەکانی ترە، ئازادی شاعیر. بەمجۆرە داوا لە مامۆستاکەی دەکا ئەو شتانە راپەڕێنێ کە دەزانێ نەیکردووە.

رامبۆ لە دووتۆی بەرنامەکەیدا، لە "نامەکانی روانینوان" یکدا پێی دەڵێ، کە خۆی هەتا دوا مەودا کە بکرێ، ***هەتا سەرلێشێواندنی هەموو هەستەکان دەروا***. وێجا ئێمە دەزانین چۆن مامۆستا گوناهەکەی قوتابخانە بۆ قاوەخانە دەبا و تێیدەگەیەنێ کە دەتوانێ هەموو تاوانێک ئەنجام بدا. واتا مامۆستایەکەی ***دێوانە دەکا***. بەمجۆرە بەلای منەوە ئەو

دەربڕینە وێناندنێکی سەرەتاییە لە تەواوی بوونییدا، بێئەوەی لە بواری تیۆرییدا بەلای ئەو دەربڕینە چووبێ، بەڵکو بە ئاماژە و گەیاندن دەپەیڤێ.

بەپێچەوانەی ئەوەی کە مەزەندە دەکرێ، گوایە رامبۆ پیاوی بەرنامە نییە. بەڵام بۆ هەر خولگەیەک لە ژیانییدا ژمارەیەک لە پرنسیپ دادەنێ و دەستیان لێ هەڵناگرێ، لە خولگەکانی داهاتوودا بەکار بەسەریاندا دەچێتەوە. رامبۆ هەمیشە رەخنەگری خودە. ئازادی ئازاد بۆ خۆی واتا ئازادی ئازاد لە تەک ئازادییدا دەتوانین دەستەبەری بکەین، بە نووسینەکان یان بە کردار. خودی ئازادی ئامانج نییە، بەڵکو خودی پیشەکەی بڕینی سنووری ئەم ئازادییەیە. جا ئەو سنوورە هەرچییەک بێ. ئەم شتەش کارتێکردنێکی فرە زۆرە، بەتایبەتی کە رامبۆ دەخوێندرێتەوە. لە تەمەنی شانزە یان پانزەساڵییدا کە رامبۆ وەردەچەرخێ، یاخود کە شاعیر بۆ گوت و بێژی نەبینراو دەخوێنێتەوە، ئەو هاوڕێیەی گوت و بێژی لەگەڵدا دەکەین بێ پچڕان، هەردەڵێ ئەو خۆی کاکڵەی ناختە و بەخۆیەتی، گوت و بێژت لەگەڵدا دەکا.

دوو لایەن ئەو گوت و بێژە نەبینراوەی بۆ پێکهێنام کە لە هەموو ئەو ساتە تاریکانە لەگەڵیاندا ژیام، ئەویش ململانێیەک بوو وێدەچوو چارەسەرکردنی مەحاڵ بێ. لەگەڵ ئەم جۆرە ململانێیانەدا ژیام، بۆ نموونە کە کوڕی یەکەمی خوشکم، لە نیۆرۆک بەدەستی رەشپێستێک کوژرا، یاخود کە ژان پییر دۆبریەی شاعیری برادەرم لە هەمان وەختدا ((1960-1959) خۆی کوشت. رۆژگارێکی دژوار بوو، دوو کەس هەبوو دەمتوانی گوت و بێژییان لەگەڵدا بکەم، لە رێگەی ئەوانەوە بتوانم ئەمە لە خۆم دووربکەمەوە، گەر وای ناوبنێین،

ئەوانیش ئارتۆر رامبۆ و ئەندرێ بریتۆن بوون. ئەو دووانەش نەک لەبەرئەوەی دوو نموونە یا دوو تاقانە بوون، بەڵکو چونکو دوو نموونە-دژ، دوو شێوەی هزربوون کە بە ئاستێکی بەرز لە ئارەزوویەکی دوورە دەست بوون و مرۆ لێیان تێر نەدەبوو.

شتێک کە دەکرێ کەسێک لە ناو ئازادی خەمەکانی خودی خۆیدا بوونی هەبێ کە هەست بە بوونی ئازادیی گەردوون دەکا، ئەوەش مرۆڤ لە خودی خۆیدا دیاریکراو دەکا بەر لەوەی لەمپەرە کۆمەڵایەتییەکان بێن، کە ناوەڕۆکی خودی کۆمەڵگا پێکدێنن، ئەمەش بناغەی گەمەی کۆمەڵایەتی و مەرجی بوونەکەیەتی.

ئەو رچەشکێنییەی کە *ئازادی ئازاد* رەفتاری دەکا، هەر رچەشکێنی چوارچێوەکانی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو رچەشکێنی ئەو چوارچێوە و رێسا بەخۆگرتووانەشە کە مرۆڤ بە حەز و بۆچوونە تایبەتییەکانی خۆیەوە بەدوایان دەکەوێ. کەواتە رامبۆ دڵی روانگە دووانەییەکانە. ئەمەش لە دواییدا لە دژایەتی و لەکەدارییەکانی تێگەیشتن تێکەڵاو دەبێ. کۆمەڵ یان ئەوانی تر بە ***داوێنگیر*** بوون چاوەدێری دەکەن و بەدوای چارەنووس دەگەرێن. گەر لە قۆناغێکی دیاریکراودا بەدژ یاسا بوویت، کە یاسای حەزەکانت بوو، کەسێک نییە شتێکت بۆ بکا، کە رامبۆ بە تەواوی رق و بێزی لەوە دەبۆوە. نە گوێی بە سەرنجی کۆمەڵ دەدا و نە بەو کەسانەش کە لەمەڕ ئەوەدا بیریان دەکردەوە. تاکە شتێک کە ئەو بەخۆی لۆمەی لەخۆی دەکرد ئەویش، لە شوێنێک یان لە ساتێکی هزریدا کە دەیبینی ئەو هزرە لەمێژە بەسەرچووە. ئەمەیە *ئازادی ئازاد*. ئەمەش، وەک بزانم پرینسیپی ئەفراندنی شیعرە، نەک هەر بەلای منەوە، بەڵکو بەلای هەمووانەوە.

رامبۆ دوو پرنسیپی پێڕەوکرد، یەکەمیان، ***کۆمۆنەیی*** بەمانای سیاسی وشەکە، بە مانای تێکدانی شۆڕشگێڕانە، چونکو جۆرێک لە دەستووری کۆمۆنیستانەی نووسی و نەیپاراست، بەڵام لەو ماوەیەدا برادەرەکەی ئارنست دیلاهی شاعیر لە بیرەوەرییەکانیدا باسی دەکا و بە گێڕانەوەکەی ئەو ڕۆژانەی رامبۆ دەخاتە بەرچاو. بەرای من ئەو دەستوورە لە **برۆدۆنەوە نزیکترە نەک لە مارکس.** دووەمیشیان، لێرەدا پرنسیپێکی هەتاوی رامبۆیانە هەیە، هەموو ئەوانەی شیعی رامبۆ دەخوێننەوە ئەوە دەزانن، کە ئەو ئارەزووی سپێدە، گزینگ، وریایی دەکرد، لەو ئارەزووە خۆرییانەدا هەوڵ دەدا براکەی بگەڕێنێتەوە، کە رامبۆ بە برای بەستەزمان ناوی دەبا، ڤێرلین، مەرجەکەی ئەوەیە وەک منداڵی خۆر، بە هەڵاتن لە باکوورەوە بگاتە باشوور، نەک لەبەر رق لێبوونەوە، بەڵکو لە ترسی شەوانی باکوور و ساردییەکەی: دەیەوێ لەودیوی **خەندەکەکانی ئەورووپایی** ساتمە لە راستینە بکات، کە لە لەدایکبوونی مەسیحییەت لە ئەورووپا براندییەوە، دایبڕاند، ئەمەش وایکرد کە ڕۆژئاوا لەگەڵ رەسەنییەتی گرێکی یان زەردەشتی دوو لەت بێت. ***هەرچەندە وانابینم کە رامبۆ زەردەشتی ناسیبێ، بەڵام ئەوە گرنگە سەرنجی ئەوە بدەین کە نیتشە تەواو کت و مت لە هەمان وەختدا بەدوای ئەو ئاقارەدا دەگەڕا.***

بە بڕوای من رامبۆ هەر لەو وەختەوە، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە، بە باشووری عەرەبی دڵگیر بوو. ئاشکرایە کە دایکی هەوڵیدا ***بەلای کەمییەوە*** قورئان وەرگەڕێنێتە سەر فەرەنسی، لە ئیزابێل، خوشکی رامبۆ وە دەزانین کە ئەوەی دوایی هەر لە منداڵییەوە لە تەک کتێبی پیرۆزدا، قورئانی دەخوێندەوە. هەرچەندە بۆنڤوا، بە پشتیوانی ئیڤلاس لیڤی لەسەر ئەوە جەغت دەکاتەوە، کە رامبۆ ***کابالی*** یەهودی دەزانی،

بەسەیری نازانم، هەرچەندە بەڵگەی تەواو لە ناو بەرهەمەکانی رامبۆ بەدەست ناکەوێ. بەڵام ئەوە دەبینین کە رامبۆ بەرلەوەی شیعر بە فەرەنسی بنووسێ بە لاتینی نووسی. رامبۆ لەمەڕ *ژۆگۆرتا* دەئاخڤێ و بە کوڕی ئەمیر عەبدولقادر بەراوردی دەکا، کە باوکی رامبۆ باسی دەکا و وەک شەڕکەرێک ئازایەتی و تاکتیکەکانی پەسن دەدا. دوای ئەوە، لە یەمەن و حەبەشەدا، دەبینین رامبۆ لە مەهانەکانی لەگەڵ سەرقافڵەکان و دەستەی حوشترەوانەکان، پشت بە قورئان دەبەستێ، هەروا لە یەکێک لە ڕاڕەوەکاندا خۆی واپیشان دەدا کە لە یەکێک لەو موسڵمانانە بدات کە بە ***لادەرییەک*** یان تەئویلێکی بێڕادە سەربەستی لە شرۆڤەکردنی گوتەی خواوەندی ئیسلام کردبوو.

دەڵێن باوکی رامبۆ لە کۆمۆنەدا ئامادەبووە، بەڵام لەسەر ئەوە بەڵگەیەک دەست ناکەوێ، کەچی بێگومان زانستیانە و لە پشتگیرانی کۆماری بوو، بەپێچەوانەوەی دایکی، وەک ئاشکرایە، پرۆڤنسالی کاسۆلیکی بوو، بەوانەوە بەسترابۆوە، یان میراتگری هەرچی فەرەنسییە بوو. بەڵام رامبۆ ئەوانەی هەموو بە رق و بێز دەبینی: ***هەرچی فەرەنسییە نەفرەتی لێیەتی،*** رامبۆ خۆی وای دەیگوت. هەر لە سەرەتاوە، پاریس و بەشەکانی دیکەی فەرەنسای لێکجیادەکردەوە. بەو واتایەی کە پاریس لە لۆژیکی فەرەنسی دەردەچێ، ئەوەش لە یەک کاتدا راستە و هەڵەشە.

لێرەدا ئاخاوتنێکی رامبۆم بەیاد هاتەوە کە لەگەڵ دیلاهی برادەری کردوویەتی، دیلاهیش تۆماری کردوە و لە دووتۆی بەرهەم و نامەکانی رامبۆدا بڵاوکراوەتەوە. لە ئاخاوتنەکەی لەسەر تێڕامانی دروستکەری شۆڕشگێڕانە سوور دەبێ کە بە یەکسانی نێوان هەموو ئادەمیزاد پشت دەبەستێ، بە جۆرێک کە پێویستیمان بە هیچ لایەک

نابێ، چونکو لایەنێک لە شێوە بێگەردەکەیدا لە سروشتدا دەبینین. لەم ساتەدا گوڵێک دەقرتێنێ، گوڵێکی خونچە لە چەشنێکی جوان کە لە هەموو جێگایەکدا هەیە، بە برادەرەکەی نیشاندەدا و پێی دەڵێ هەموو هونەرەکان بە کارامەیی خۆیانەوە ناتوانن شتێک بەو ناسکیە هاوئاوازە دەستەبەر بکەن. یەکسانی و خولقاندن، وەک دەیبینین نموونەکەیان لە سروشتدایە نەک لە دەست خاوەن هونەردا، ئەو خاوەن هونەریانەی کە رامبۆ بە بێز و قێز، بە زیقە زیق ناوەزدەیان دەکا، بۆیە چەمکی خودی هونەر لە دیدی رامبۆوە داوای بەفرەکردنی دەخوازێ، خودی شیعریش لە دیدی ئەودا بە ئەدەبەوە بەند نییە. بەمجۆرە بەلای رامبۆوە گشت بە هەق گشتی پێکدێنێ، گشت دەچێتە ناو تێرامانێکی بەربڵاوی گەردوونییەوە، ***جوگرافیای شیعرییەت لە هەمان کاتدا جوگرافیای سیاسییە***. هەموو ئەوانە، تۆوی هزرێکی جیاوازی ئەم دەسەڵاتەی رۆژئاوایە، کە رامبۆ هەر لە سەرەتاوە هەستی پێکردبوو.

رامبۆ چەمکی رۆژ، چەمکی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەکارهێنا، بەڵام هەردوو چەمکەکە وەک تاکێک بۆ دەستەبەرکردنی چارەنووسەکەی بەس نەبوو، رامبۆ ئەوانەی هەریەکە و لە قۆناغەکانی هزریدا بەجێهێشت. لە شۆڕشی کۆمەڵایەتی خۆی وەدەرنا، چونکە لە جەستەکەیدا ژیا، کت و مت بەمانای ئەم وشەیە، کۆمۆنەش نووشستی هێنا، کە ئەو یەکەم کەس بوو دەرکی بەوە کرد، کە هەر ئەو رێگە شۆڕشگێڕانە بوو، کە شۆڕشەکەی بەرەو نووشستی برد. بەم تەرزە، بە پێچەوی هەندێ کەس، رامبۆ لێکۆڵەری نووشست نەبوو، بەڵکو هانایەک بوو. وەک ئەوەی کە خۆی دەیویست.

ئەوەی ئەم کتێبەی من دەیخاتە سەر ئەوانی تر، کە لەسەر رامبۆ نووسراون، ئەوەیە کە بەتەواوی تێرامانی ئەکادیمییانە لەسەر

ئەزموونی رامبۆ رەتدەکاتەوە، کە بە ئانقەست ئەو ئەزموونە بۆ دوو بەشی تەواو لێکدژی دابەشدەکەن. ئەوانە لە سەرەتادا وتیان ***وەرزێک لە دۆزەخ،*** دوا بەرهەمە کە رامبۆ نووسیوویەتی، واتا دوای ***خۆرهەڵاتنامە***، کە لەم بەرهەمەشدا ماڵئاوایی لە شیعر دەکا. وێجا چەندان لێکۆڵەرەوەی دیکە هاتن، پێچەوانەکەی ئەو رایە بسەپێنن، وتیان بەر لە ***وەرزێک لە دۆزەخ*** دا بەشێک لە ***خۆرهەڵاتنامە*** ی نووسی، بەشە گەورەکەشی پاشان نووسی. دوور لەمەش هەرگیز ناتوانین لە قەسیدەی **دیموکراسی لە خۆرهەڵاتنامەدا** بگەین، کە رامبۆ لەو قەسیدەیەدا بە ئاشکرا ئاماژە بۆ کۆچەکەی بەرەو ***سوماترا*** دەکا، لەو کاتەی کە لە دەریاوانی هۆڵەندی بوو بە سەرباز و لەو رێگەیەشەوە چوو بۆ *جاوە*، تاکوو بەخێرایی لەو سەربازییە رابکا. رامبۆ لە شیعری ***دیمۆکراسی*** دا هەستکردنی بەخەتەرناکییەکانی داگیرکەر و مەزەندە زووەکەی خۆی لەو ئەفسانە دیموکراسییەی رۆژئاوا رووندەکاتەوە، لەوێدا رامبۆ رادەگەیەنێ، کە ئەوەی رۆژئاوا دەیەوێ لێی باربکا ئەو جیهانەیە، کە ئەمرۆ جیهانی سێیەمی پێدەڵێن. ئەم قەسیدەیە، ***دیموکراسی،*** هێرشێکی شیعرییە، یاخود بەهەق سیاسییە بەپێی بارتەقای هەموو توانایەکی شیعری، رامبۆ بە واتای بەهێزی وشە شیعری سیاسی نووسی، وەک ئەو شیعرانەی لە کۆمۆنەدا، هەروا لە شیعرە سەرەتاییەکانی وەک ***ئاسنگەر*** و ***کوژراوەکان*** دا، رامبۆ هەموو ئەو شتانەی کە لە وڵاتانی بینی و هەموو ئەزموونە بەرچاوەکانی و ئەو سەرنجانەی کە بەخۆی لەگەڵیاندا ژیا، وێڕای ئەوەی کە من بە سەرگەردانی ئیرادەگەریی ناوی دەبەم، لەناو هەموو جۆرە پێودانگێکدا ئەو ئەزموونانەی تاوتوو کردن. ئەو لەناو پێودانگەکان مەزنە، ئەو مەزنە، هەرچۆن رێککەوێ

یان لە هەر جێگایەک کە رێککەوێ راناکا، بەڵکو ئەو کاتەی هەموو شتێک رووبدا: لە زەوییەکی بەرهەڵدراو، یان هاوبەش، لەناو جیهاندا رادەکا، نەک ***لەناو هەورەکان.*** ئەم خوازیارییەش لە خودی خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو ئەوە یەکێکە لە ئامرازەکانی ***سەرلێشێواندن،*** رێبازێکی مەعریفییە بۆ واقعێکی جیاواز. دەکرێ لەم پەیوەندییەی شیعرەکانی رامبۆدا ئەو شوێنانەی کە رامبۆ شیعرەکانی تێدا نووسیووە و ئەوانەی لەگەڵیدا ژیاوە، ئەو سەرچاوانە بەدەست بێنین، بەوە ئەو شێوەیەی کە پێی دەردەبڕێ، بێئەوەی بەخۆی ئەوە رابگەیەنێ و بپشکنێتەوە. ئەو ئەزموونە تایبەتییانە دەردەبڕێت کە لەگەڵیان ژیا بوو، نەک بە شیکردنەوە و درێژەدانیان، بەڵکو بەشێوە رۆشندانەوەکەی خۆی هەموو شتێکی تێدا کۆدەکاتەوە، ***وشە بە وشە بە هەموو مانایەکانیانەوە.*** کاتێ رامبۆ بڕیاری دەرچوونی کۆتایی دەدا، کەس لەگەڵ خۆیدا نابا، بگرە هەتا ڤێرلینیش، کە ئەو کات بڕوای بە کاسۆلیکیەت هێنا، رامبۆ بۆ گاڵتەجاڕی بەناوی "ناسکی ناسراو" ناوی دەبرد، ئەو مەودایەی کە بەرانبەر کەسانی تر دەگرێتە بەر، لە پێشەوەیان ڤێرلین ((مەودایەکە تێیدا خیانەتیان لێ ناکا- مادام دانەیەکی لە ***وەرزێک لە دۆزەخ*** بۆ ڤێرلین دەنێرێ، کە بەهۆی تەقە لێکردنە ناودارەکەی، رامبۆی بریندار کرد، زیندانی کرا - بەڵکو لەو مەودایە لەوان دوور دەکەوێتەوەو بەس))، دەڵێم ئەم مەودایە، بەڵام رامبۆ لە بەرایدا ئەو مەودایە بەرانبەر خودی خۆشی دەگرێتە بەر.

لە دوا وەرچەرخاندا کە بە چوونە رێزی خۆی کۆتایی هات، ئیتر رامبۆ پێویستی بە شیعر نەمایەوە، بەڵام، ئەمە خۆی لە خۆیدا تێڕاماندن دەخوازێ، تەنیا سەرنج نووسین بەس نییە، ئەوە خاڵی

چەقگیری کەسایەتییە، رامبۆ هەتا بە قاچ براوەیی و لەسەر عارەبانەش بوو، لە شیعر دانەبڕا.

من ئەوانە بە نووسینی دادەنێم، لە ماوەی ئەو هەموو ساڵانە، هەزاران تێبینی نووسی، پەرت و بڵاوی دەکرنەوە یان بزر دەبوون، بەڵام مرۆیەک بەشێوە تاگرتووەکەی لە ناوەڕاستی ئەو تەپ و تۆزە خنکێنەرەدا، یا سەرما تیژەدا، بگرە هەتا لەسەر عارەبانەی مەرگیشدا لەسەر نووسین سوور دەبێ، ناکرێ بڵێین لە نووسین ماڵئاوایی کردووە.

لەوەش زیاتر کە بە *ئیزابێلی* خوشکی دەڵێ، بەگوێرەی ئەوەی کە *ئیزابێل* دەیگێڕێتەوە، رامبۆ دەیویست حیکایەتی کۆچەکەی یاخود ئۆدیسەکەی بنووسێ. دابەزینی لەسەر عارەبانەکەی لە هەرەرەوە تا دەریا، ئێمە باش ئەوە دەبینین کە رامبۆ هێشتا دەیەوێ کەسانی تر لە دابەشکردنی ئەزموونەکەی دڵنیا بکا. بەڵام نە بەشێوەی شیعریانە وەک ئێمە بۆی دەچین، بەڵکو لە نووسینی ناسکدا، من بە نووسینی **پراگماتیکی** ناوی دەبەم، نووسین خۆی رێگەی دڵنیاکردنە لەم دابەشکارییە یان بەشداریکردنە بە ئاسانترین شێوەی زمان کە بکرێ، نەک بەو مانایەی کە ئەوە دانراوەیەکە. ئێمە دەزانین هەر لە سەرەتاوە، بەتایبەتی لە *نامەی روانینوانێک* دا رامبۆ چەندە گاڵتەی بە چەمکی دانەر دەهات، هەروا چەند ئەوەی بە بێهوودەیی دەبینی کە یەکێک خۆی بە *دانەر* بژمێرێ، بەڵام هەر لە سەرەتاشەوە لەوە گەیشت هەر شاعیرێک نوێنەری ئەو هێزەیە کە دەیکێشێ، ئەو ئەویترەش لە هەموو بارێکدا ئەوەیە، کە کێ بەڕاستی گۆڵئەستێرە هەڵدەگرێ. هێزی هەق، خود نییە، بەڵکو ئەوەی کە لە خود جێنشینە ئەوە هەقە، ئەو هاندەریانەی کە لە هەموو سەرچاوەکانەوە، لە ژیان،

لە رۆشنبیریی، رۆشنبیرییەکەمان و رۆشنبیرییەکانی دیکە، جۆشدانی بۆ هەموو حەزێکی ئەفراندنە.

***منی ئەویتر*** خۆی ئەوەیە: گوتە – کلیل بۆ گەیشتنی هەموو شتێک، من خۆی لە خۆیدا **ئەویترە**، ئەم ئەویترە هەموو جارێ هەر هەمان خودی ئەو ئەویترە نییە، بەڵکو خۆی ئەو ***ئەویترەیە*** لە بەردەوامبوونی ***ئەوانیتر*** دایە. خودی من سەرەتای کۆیە: من، ئەو، ئێوە، ئەوان... گشت ئەوان. هەموویان بە ***من*** لە رێگەی ***ئەویترەوە*** بەیەکەوە گرێدراون. رامبۆ لەگەڵ هەموو ئەو ***رسکانانە*** ژیا، بەوپەڕی رەمەکییەوە لە راناوی کەسێک بۆ ئەویتر دەیگواستەوە. لە گفتوگۆیەکەی لەگەڵ ڤێرلین دا ***شووی دۆزەخی***، ***پاکیزە هەڵەشە*** ش، کە ئەو شیعرانە لە ***وەرزێک لە دۆزەخ*** بڵاوکراونەتەوە، بەوردی نازانین کێهە رامبۆیە، کێهەش ڤێرلینە، ڤێجا لە ***شووی دۆزەخی***دا ئەملا رامبۆیە، ئەولایەکەی تریش ڤێرلینە، سەبارەت بە ***پاکیزەی هەڵەشە*** ش هەمان شتە، کە تێیدا جارێک ئەو دەناسین و لە بەشێکی تردا ئەوێهێ دەناسینەوە. رامبۆ ئەوەی دەرک کرد کە لەو نزیکبوونەوەی نێوان دوو بوونەوەردا، کە تیایدا لە دۆستایەتی یان لە خۆشەویستیدا دەژین، ئەوە بۆ ئێمە بەرەو تراژیدیای جیابوونەوەی کۆتایی و هەڵاهەڵا بوون تەواو دەبێ، ئەمەش لە بێئومێدبوون و هەست بە خیانەتکردن هەڵقوڵاوە، ئەو هەستە پابەندە بە نەمری، بەسەهووچوونی ئەو هاوژیانییەی خۆشەویستی، ئەوەی دەرککرد کە مرۆ لە یەک کاتدا دەبێ بە ئەو و ئەویتر.

هەندێک وادەبینن ئەو گفتوگۆیە خۆی خەیاڵاندنێکی ئەدەبی پەتی بوو، بەڵام بەرای من ئەوە جێی بڕواکردن نییە. بەلای پیاوێک کە بەوا رایهێنایین هەموو ئەوانەی دەینووسێ کە بە کردارێکی واقیعییەوە

بیانبەستێتەوە، پیاوێک کە هیچ نووسراوێکی لە خۆڕایی لەلا هەڵناقوولێ. بەڵکو لەلای ئەو هەموو شتێک نموونەیەک لە بە چاو دیتنن و هەستەکان دەنوێنێ. لە پاشەکەوتکردنی دەربڕینی شیعرییانەی رامبۆ، دەستهەڵگرتنی لە وێناندن و وێنە و هاوردە، شێوازکاری ئەدەبییەوە بۆ ئاستی بناغەی نموونەی برناکات. هەروا بۆ سیاسەتیش. ئەو پیاوە کە بە منداڵێک خەونی دەبینی، کە خۆی چۆن لە پەروەردەکردن دەگا وای پەروەردە بکا و بیکات بە ئەندازیارێک، لە زانست و وردەکارییدا وەدەرکەوتنی رۆشنبیرییەکی دەبینی، کە ئەو بە مردووی دەژمارد. هەمان بڕوابوو کە دیدەکانی بۆ شیعری بابەتەکی ئاراستە دەکرد. بەڕاست یان بە هەڵە، بڕوای بەمە هەبوو، هەر لە منداڵییەوە خوێنەرێکی – رەنگە هەندێ جار ساوفیلکەی – چیرۆکە زانستییەکانی ژۆل ڤێرلین بوو، کە بڕوای بە توانای پێشکەوتنی مرۆڤایەتی هەبوو لە رێگەی زانستەوە، هەوڵی داهێنانی نووسینی زانستی دەدا، گەر وای ناوی بنێین.

شاعیر هەر بەخۆی دەتوانێ نموونەی بڕیارێکی لەم شێوە ریشەییە وەربگرێ. شاعیر هەر بەخۆی دەتوانێ بڵێ دەبێ نووسین بگۆڕدرێ. هەتا ببێ بە غەفڵەتی ***نادیاربوونی نووسەر***. ئەم جۆرە نووسینە لەو راپۆرتانە دەبینین کە رامبۆ لەمەڕ وڵاتانی ئۆگادین بۆ ***کۆمەڵەی جوگرافیایی فەرەنسی*** رەوانە دەکردن، هەندێکیان لە گۆڤارەکەیان چاپکرا، ئەوانی تریش فڕێدرانە ناو سەتڵی زبڵ – ئای لەم گەمژەییە!

بەبڕوای من پێویستە بەرانبەر ئەم جیاوازکارییەی خوارەوە هەڵوەستەیەک بکەین: زۆرێک وا لە نەخۆشەکەی رامبۆ دەفکرن، کە وایلێکرا یەکێک لە قاچەکانی ببڕێتەوە پاشانیش ژیانی لەسەر دانا،

ئەوانە بەجۆرێک دەفکرن هەروەک ئەوە قەدەرێکی شاردراوەبێ لە رەوتە شیعرییەکەیدا. بەهەمەحاڵ، ئەوە رووداوێک بوو، رووداوێک بوو کە رەوتێکی پچڕاند، رامبۆ تووشی دەردێک بوو لە وەختێکی گونجاودا نەهات چارەسەری بکات، چونکە لەسەر هەموو شتێک بۆیەیەکی کارەساتاوی هەڵدەسووی ((هەر خۆی بە پاڕانەوە بۆ دایکی نووسی کە ئەو نێچیری هزرە رەشبگیرەکانە)). ئەم پیاوە رق ئەستوورە، کە گشتی بە گێل دادەتاشی، لە واقیعدا بەخۆی خاوەن دڵپاکییەکی بەفراوانبوو، کۆتایی بوو. رامبۆ نەیدەخوازی لە دەڤەرێکی ئاوابوودا دابەزێ، کەچی کت و پڕ ئاوسانی یەکێک لە ئەژنۆکانی بۆهات، بەرەو شار دایبەزاند، بەڵام بەرلەوەی حیساباتەکانی لەگەڵ ئەوانیتر جێبەجێ بکا، هەموو ئەرکەکانی راپەڕاند. با ئەوە یاد بکەینەوە کە هەستە پیاو چاکییەکەی وایلێکرد لەجیاتی هاوکارە کۆچکردووەکەی: لاباتۆی هاوکاری، قەرزەکەی بۆ بداتەوە، داوای گۆڕەوی بۆ ئەستووربوونی ئەژنۆکەی لە دایکی کرد، هەستی بەوە نەدەکرد، جولانەوەکەی لەکار دەخات، نەخۆشی ئەستووربوون نەبوو، بەڵکو نەخۆشییەکی بەڕاستییە. هەندێک لەمەڕ خۆکوشتنە ئیرادەگەرییەکەی دەپەیڤن، یاخود دەڵێن کارێکی نائاگایانە بوو هۆی مردنەکەی. من بڕوام بەم قسانە نییە، بەڵکو بەئاساییەوە وادەبینم، کە رامبۆ خۆشبینییەکەی بوو بەزاندی. هەرچەندە خۆشی لە کاتێکی گونجاو چارەسەرکرد، کە ئەمەش گرنگە بزانین، ئاخۆ لە پرۆژەکەی بەردەوام دەبوو؟ ئێمە دەزانین کە قاچیان بڕیەوە چۆن بە پەیداکردنی دارشەقێک گەڕایەوە بۆ عەدەن، ئەوە بەرلەوە بوو کە ئیفلیجی قاچەکەی تریشی بگرێتەوە. بۆ هەموو شتێ خۆی ئامادەکردبوو. پرۆژەکەی بێڕادە ئاڵۆز بوو: دەیویست بەرەو زنجبار، مەدەغەشقە،

توێکان، هیندستان، چین، یابان و پەنەما بڕوات. لەم دۆخەدا چی دەدۆزێتەوە، بەمانایەکی تر ئاخۆ ئەم پیاوە لێکۆڵەرە چی دەدۆزییەوە، خەونی بە گرنگدانی ئەندازەو سەرکێشی کردن لە وردەکاریی دەبینی. لەهەمان کاتدا بێئەوەش لە ***سەرگەردانە روحانییەکەی*** وازبێنێ؟ هیندۆیزم و شەڕانگێزانەتر کولتورەکانی دیکە یاخود سەیرو سەمەرەیەکی دەدۆزییەوە کە تا ئەو کات دەیزانی. وەک چۆن بە ناسینی راهاتووین، هزرو پرۆژەکانی، رێک و پێک دەکرد، بگرە ناتوانین ئەوە مەزەندە بکەین کە دەیویست چی بکا. ئەو پیاوەی کە لەمەڕ هەموو شتێکی دەنووسی، بگرە هەتا عارەبانەی گواستنەوەی نەخۆشیش، چەندان تێبینی نووسی کە کەس نەیپاراست و ناشزانین کە چیان بەخۆوە گرتبوو، رەنگە بۆ ئێمە سەفەرە شیعرییەکی بۆ چین بەجێهێشتبا کە دەبوو ئێمە تا پەیدای بکەین لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا چاوەڕوانی سیگمالینمان بکردبووایە، سیگمالین شاعیری رامبۆییانە کە خۆیەتی، لە هاوزەمانی رامبۆدا، بە عەدەن تێپەڕی، لەوێوە رووی لە چین کرد. هەڵبەت مەحاڵە بە خەملێوی لەمەڕ بەرهەمە نائامادەکانی رامبۆوە بپەیڤین، بەڵام گەر بڵێین ئەگەر وا زوو کۆچی نەکردبا ئەوە ئەو کارانەی دەکرد، ئەم قسەیە لە راستی بەدوور نییە. زۆر کەس – بە سورialییەکان و خودی برێتۆنیشەوە- لەسەر ئەو بڕوایە سەقامگیرن کە دوابەرهەمی رامبۆ ***وەرزێک لە دۆزەخ*** بوو، کە تێیدا لە شیعر ماڵئاوایی دەکا. بەهەمەحاڵ، وێڕای ئەو ماڵئاواییەش، ئەوەی کە سەقامگیرە ئەوەیە، دوا بەرهەم ***خۆرهەڵاتنامە*** یە، چەند لاپەڕەیەکی کەمی ئەم بەرهەمەی بەر لە ***وەرزێک دۆزەخ*** نووسیووە و پاشان ماوەکەی تری تەواو کردووە. هەموو دەیانویست ئەوە جەخت بکەنەوە – بەخۆشحاڵییەوە- کە رامبۆ بڕیاریدا لە شیعر کۆچ بکا. بەهەمەحاڵ،


رامبۆ هەرگیز شتێکی لەم تەرزە قسەیەی نەنووسیوە. گاڵتەی بە شیعر، شیعری خۆشی، بە هونەرمەندان، بە هەموو خوڵقێنەران کرد، بەڵام هەرگیز بە ئاشکرا لەمەڕ کۆچ لە شیعرکردن نەدەپەیڤی، ئێمە دەستەپاچە نابین، گەر نەبین بە پابەندی ئەم بڕوایە.

بە تێگەیشتن لە چەندان شیعری ***خۆرهەڵاتنامە***-_ ***ILLUMINATION*** هەروا ئەو پێراگەیاندنە یەک لە دوا یەکانەی کە بۆ دایکی و دیلاهی برادەری دەنارد، باسی ئەو پرۆژەیەی دەکرد کە کتێبێک لەسەر هەرەر و وڵاتی گالا دەنووسێ. هەروا داوای چەندان وێنەی ئەم وڵاتانەی کە گرتبووی و چەندان کەرەسەی دیکەی دەکرد بۆی بنێرن – پێوانە بۆ دوورییەکان و هاوکوفەکانییەتی

(*) ئەم دەقە چاوپێکەوتنێکی راستەوخۆی درێژی کازم جیهادە لەگەڵ ئالان ژۆفروا دا. لێرەدا من دووبارە، وەک وتار، تەنیا بەشێک، نەک هەموو، ئاخاوتنەکانی ژۆفروام دارشتۆتەوە. لە راستیدا ئەو گفتوگۆیەی کازم جیهاد لەگەل ژۆفروا، دەقێکی بە سوودە لەمەڕ وێناندنی شیعری فەرەنسی بەگشتی و، بە تایبەتییش مشتومڕەکانی رۆناکبیرە رامبۆناسەکان. ئەم دەقە لە گۆڤاری ""الکرمل"،1991 ژمارە 41/40" بڵاوکراوەتەوە.

# Arthur Rimbaud

## Voyant brevet
## &
## Dödens brevet



**Översättning: Handren**